# تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنە و ڕۆڵیان لە سەرهەڵدانی مێتۆدە نوێیەکانی ڕەخنەدا

م.ی.ڕێبین خلیل قادر
زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی

## - چەمکی مێتۆدە ڕەخنەییەکان:

مێتۆد ڕێچکە و هۆکار و ئامرازێکە توێژەر بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیار و ئاشکرا دیگرێتەربەر و بەکاریدێنێت، کە بەهۆیەوە دەتوانێت بە ئاسانی مەبەست و ئامانجەکەی بپێکێت. بوونی مێتۆد لە توێژینەوەدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە وا لە توێژەر دەکات ڕێگا لە پەرش و بڵاوبوونی بیر و ڕێڕەوی کارکردن و چوارچێوەی توێژینەوەکەی بگرێت، لەبەرئەوە ((مێتۆد پلانێکە توێژەر یان ڕەخنەگر بۆ دیاریکردنی ڕێڕەوەکەی و ڕێکخستنی بیرەکانی سوودی لێوەردەگرێت، تاوەکو توێژینەوەکەی بە ئامانجێکی ڕوون و دیاربگات))[1] ، تا بە هۆیەوە کۆنترۆڵی هەنگاوەکانی لێکۆلینەوەکەی بکات ، تادەگاتە ئەنجامێکی دڵنیاکەرەوە . واتە لێکۆڵەر بەهۆی بەکارهێنانی مێتۆدەوە هەوڵ دەدات چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ لێکۆڵینەوەکەی دابڕێژێت و لە چوارچێوەی ئەم مێتۆدەوە دەرنەچێت، چونکە هەر مێتۆدێک چوارچێوە و سنووری تایبەتی خۆی هەیە و لێکۆڵەر پەیڕەوەی دەکات و ناکرێت لە سنوور و بنەماکانی ئەم مێتۆدەوە دەربچێت. لە ئەدەبیشدا مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەدەبی دەکات، بەمەبەستی گەیشتن بە لایەنە شاراوەکانی دەقی ئەدەبی ، کەواتە ((لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی ئەدەبی ، لەسەر بنەمای تیۆری خاوەن ڕەهەندی فەلسەفی و بیری ، ئەمەش لە ڕێگەی ئامرازی پراکتیکی ورد و گونجاو لەگەڵ بنەما بیرییەکاندا.))[2] بۆ مەبەستی

---

[1]-د. وليد قصاب ، مناهج النقد الادبي الحديث (رؤية السلامية) ، ط١، دار الفكر ، دمشق ، ٢٠٠٩ ، ص١٧.
[2] - سەرچاوەی پێشوو، ص١٧


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شیکردنەوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و تێگەیشتنی دەقی ئەدەبی. ئەم بەکارهێنانی مێتۆدەش لەنێو ئەدەبدا لە سێ مەبەستدا دەردەکەوێت ((مێتۆد بریتییە لەو ڕێگایەی بەهۆیەوە چارەسەری دەقی ئەدەبی دەکەین، ئەم چارەسەریەش لە سێ ئاستدا دەبێت:

١- تیۆری ئەدەبیی، چونکە هەر مێتۆدێک تیۆرێکی ئەدەبی هەیە

٢- کەرەستەکانی ئەنجامدان: کە بەکاریدەهێنین لە کاتی شیکردنەوەدا

٣- سیستەمی زاراوەیی: تایبەت بە مێتۆدەکە چونکە هەر مێتۆدێک زاراوەی خۆی هەیە کە دەبێت پێیەوە پەیوەست بین لەکاتی شیکردنەوەکەدا.))[٣].

مێتۆدی ڕەخنە چەمکێکە لە دوو زاراوە پێکهاتووە (مێتۆد + ڕەخنە) کە مەبەست لێی بریتییە لەو مێتۆدە ڕەخنەییە جیاوازانەی بۆ توێژینەوەی پایەکانی کردەی داهێنانی ئەدەبی (نووسەر، دەق، خوێنەر) بەکاردێن و هۆکاری سەرهەڵدان و باکگراوندی فەلسەفی و مێتۆدیی و ڕۆشنبیری و هونەرییان جیاوازە و شێوازی کارکردن و میکانیزم و دەرئەنجامەکانیان جیاوازن، کە ئەمەش بۆ باکگراوندە فەلسەفی و هونەریی و ڕۆشنبیرییەکانیان دەگەڕێتەوە. دەکرێت بڵێین ((مێتۆدی ڕەخنەیی گرنگی بە توێژینەوەی دەقە ئەدەبییەکان دەدات لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە: دەروونی یان مێژوویی یان کۆمەڵایەتی یان هونەریی یان هیتر، هەروەها لە تێگەیشتنێکی دیاریکراوی کردەی ڕەخنەییەوە، بۆیە مێتۆدە ڕەخنەییەکان گۆشەنیگایان جیاوازە بەگوێرەی ئەو فەلسەفەی کە نوێنەری ئەو مێتۆدانە باوەڕیان پێی هەیە، هەروەها بەگوێرەی ئەو مونتەلەقانەی کە لێیەوە دەردەچن))[٤] ، کەوایە هەر مێتۆدێکی ڕەخنەیی لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە سەیری پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی دەکات و لە یەکێک لە ڕەگەز و بنەما و پایەکانی کردەی داهێنانی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە و لایەنێک یان هەموو لایەنە جیاوازەکانی سێکوچکەی (نووسەر، دەق، خوێنەر) وەردەگرێت و لە ڕوانگە جیاوازەکانی: مێژوویی و کۆمەڵیەتی و دەروونی و ژیاننامە و کەسێتی و ژینگە و سەردەم و ڕەگەز و هونەریی و جوانیی و زمان و واتا و.... هتد لێیدەکۆڵێتەوە، ئەمەش بەگوێرەی ئەو میکانیزم و تەکنیک و تیۆرانەی مێتۆدە ڕەخنەییەکە لەبەردەستی دان بۆ پرۆسەی توێژینەوەکە. دەبێت ئەوەش بزانین کە مێتۆدی ڕەخنەیی جیاوازی لەگەڵ پلانی توێژینەوەدا هەیە، چونکە ((مێتۆدی ڕەخنەیی بریتییە لە تێڕوانین و ڕێککاری (اجراءات)، بەشێوەیەکی ڕوون جیاوازی لەگەڵ پلانی توێژینەوەدا هەیە، مێتۆد گۆشەیەکە لە ڕوانگەیەوە لە دەقی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە، کەچی پلانی توێژینەوە بریتییە لە ڕێکخستن و تەنسیقکردن بۆ ئەوەی لەو گۆشە نیگایەوە لێیدەکۆڵرێتەوە))[٥] . توێژینەوە ئاراستە و چوارچێوە و سنوور و کەشێکی گونجاو و دروست بۆ مێتۆد ئامادەدەکات تاوەکو مێتۆدە ڕەخنەییەکان لەو گۆشەنیگایەی بەهۆیانەوە لە ئەدەب دەکۆڵنەوە بۆیان ڕوون و ئاشکرا بێت و چوارچێوەی توێژینەوەکە دیاربێت.

---

[٣] - د. عبدالحميد هيمة، النص الشعري بين النقد السياقي والنقد النسقي، مجلة مقاليد، العدد الثاني، ديسمبر ٢٠١١، ص ٨٣.

[٤] - د. مرشد الزبيدي، اتجاهات نقد الشعر العربي في العراق، اتحاد كتاب العرب، ١٩٩٩ ص ٢١.

[٥] - سەرچاوەی پێشوو، ص ٢١.

مێتۆدە ڕەخنەیەکانیش هەرچەندە خاڵی هاوبەش و جیاوازیان هەیە، کەچی هەموویان بۆ یەک ئامانج کاردەکەن، ئەویش بریتییە لە هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی و دیاریکردنی بەها و نرخی بەرهەمەکە و دەستنیشانکردنی لایەنی شاراوە و تایبەتمەندییەکانی و دیاریکردنی شوێنی ڕاستەقینەی بەرهەمەکە لە نێو مێژووی ئەدەبدا. هەرچەندە ئەم مێتۆدانە لە خاڵێک یان چەند خاڵێک هاوبەشن، بەڵام ئەگەر هاتوو لە ژێر یەک خاڵدا پۆلێنیان بکەین، ئەوا ڕووبەڕووی کێشەیەکی تیۆری ئاڵۆز دەبینەوە، چونکە ئەم مێتۆدانە لە بنەڕەتدا لە چۆنێتی پەیوەندی بەستن لەگەڵ ڕەخنە و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ سێکوچکەی (شاعیر – دەق – خوێنەر و خوێندنەوەی دەق) و لە چۆنێتی پراکتیزەکردنی یاساکانیان بەرانبەر ڕەخنەدا جیاوازن.

- **سەرهەڵدانی مێتۆدە ڕەخنەییەکان:**

ڕەخنەی ئەدەبی (کە لەگەڵ سەرهەڵدانی یەکەم دەقی ئەدەبییەوە دروست بووە) بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی سەردەمەکان پەرەی سەندووە، لە بارێکی جێگیر و چەسپاودا نەماوەتەوە، چونکە ڕەخنەش بەیاسای گۆڕان و پەرەسەندندا تێپەڕدەبێت. لای هەریەکە لە (سوکرات) و (ئەفلاتون) جۆرە ڕەخنەیەک سەریهەڵدا کە بە (ڕەخنەی ڕەوشتی) ناسراوە و پێوەرە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکان سەنگی مەحەکی ئەدەب بوون، هەر بۆیە (سوکرات) و (ئەفلاتون) دژی شاعیران وەستانەوە، تەنانە (ئەفلاتون) بەشێکی ئەو شاعیرانە لە کۆمارەکەی خۆی دەردەکات و ڕێگەیان پێنادات هیچ ئەرکێکیان هەبێت.

(ئەرستۆ) یەکەم کەس بوو، کە کتێبێکی بەناوی (هونەری شیعر)ەوە دانا و کۆمەڵێک یاسای داهێنا و کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای لە دەقە ئەدەبییەکانەوە هەڵێنجا و وەکو پێوەری ڕەخنەیی بەکاریهێنا. پاشان (هۆراس)یش لە ژێر کاریگەری (ئەرستۆ) کتێبێکی بە ناوی (نامەیەک بۆ بنەماڵەی پیزۆ) کە دواتر بوو بە (هونەری شیعر) نووسی و باسی هەندێک بۆچوونی ڕەخنەیی گرنگی کردووە و ئەمیش باسی ئەو یاسا و پێوەرانە دەکات کە پێشتر لای (ئەرستۆ) باسکراون. ئەم جۆرە ڕەخنەیە کە (ئەرستۆ) دایهێنا کە بە ڕەخنەی (پێوەریی – معیاری) یان ڕەخنەی (یاسا و دەستوور) ناسراوە. لەسەدەی حەڤدەهەمدا (نیکۆلا بوالۆ) لە ژێر کاریگەری هونەری شیعری (ئەرستۆ) و (هۆراس)دا کتێبێکی بەناوی (هونەری شیعر) نووسیووە و ژانرە ئەدەبیەکانی بۆ دوو بەشی (سەرەکی و لاوەکی) دابەش کردووە، ژانرە سەرەکیەکانی بۆ (تراژیدیا و کۆمیدیا  و داستان) دابەش کردووە. ئیتر ئەم جۆرە ڕەخنەیە چەند سەدەیەک لە ناو ڕەخنەی ئەدەبی ئەوروپادا بەردەوام بوو، هەر لە کۆنەوە تا کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم (ڕەخنەی ڕەوشتی)ی (ئەفلاتون) و (ڕەخنەی پێوەریی)ی (ئەرستۆ) باڵیان بەسەر گۆڕەپانی ڕەخنەی ئەدەبیدا کێشابوو.

کاتێک ڕێباز و ڕەخنەی ڕۆمانسیزم سەری هەڵدا و شوێنی ڕێباز و ڕەخنەی کلاسیزمی گرتەوە، هەموو ئەو یاسا و دەستوورانەی فەرامۆش کرد، کەلەلایەن ڕەخنەگرانی کلاسیزمەوە دانرابوون. لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا وردە وردە ڕەخنەی کلاسیزم بە هەموو یاساکانییەوە فەرامۆش کران، بەتایبەت دوای ئەوەی ڕۆمانسیزم


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شۆڕشێکی گەورەی لەسەر ئەم کۆت و بەندانەی کلاسیزم کرد و ئازادییەکی تەواوی بەئەدەب بەخشی، ڕەخنەی ئەدەبیشی لە هەموو ئەم یاسا و کۆت و بەندانە ڕزگارکرد. هەر لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا کۆمەڵێک گۆڕانکاری ڕوویاندا و ڕێڕەوی ژیان و بیرکردنەوەی لە ئەوروپادا گۆڕی و ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەریشی بەسەر ئەدەب و ڕەخنەدا هەبوو ((پەرەسەندنی خێرای کۆمەڵایەتی و ئابوریی لەماوەی شۆڕشی پیشەسازی، و دەرکەوتنی زانستی نوێ، و دۆزینەوەی زۆرێک لە ڕاستییەکان لەبارەی گەردوون و سروشت و مرۆڤ کاریگەریەکی گەورەیان کردە سەر ڕەخنە، ئەم زانست و دۆزینەوە نوێیانە ژمارەیکی زۆر مێتۆدی ڕەخنەیی بە ئەدەب بەخشی))[٦] ، لەم پەرەسەندنەی زانستەکان و دۆزینەوە زانستییەکان بەتایبەتیش، وردە وردە ئەدەب و ڕەخنە لەم زانستانە نزیکبوونەوە و پێوەندیەک لەنێوانیادا دروستبوو ((کاتێک قوتابخانەی ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی ئەوروپیدا دەرکەوت ئەوا ڕوخسارەکانی مێتۆدە ڕەخنەییە جۆراوجۆرەکان ئامانجیان شۆڕشکردن بوو بەسەر یاسا کلاسیزمییەکاندا، سەدەی نۆزدەهەم لە ئەوروپا بزووتنەوەیەکی ڕەخنەیی گەورەی بەخۆیەوە بینی، دەرکەوتنی بزافە فیکرییەکان بوونە هۆی سەرهەڵدانی مێتۆدە زانستییەکان: مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتی، و ئینتیباعی و ئەوانیتر))[٧] ، سەرهەڵدانی ئەم مێتۆدانەش بە سوودوەرگرتن لە زانستەکان شتێکی سروشتی و ئاساییە، لەبەرئەوەی ((دیاردە ئەدەبییەکان دیاردەی لێکدراو و تێکچڕژاون و خاوەن ڕەهەندی هەمەجۆرن، لە ئەنجامی ئەمەشدا پێویستە زانستە جۆراوجۆرەکانی وەک: زمانەوانی و کۆمەڵناسی و مێژوو و دەروونناسی و.... هتد بچنە نێو پسپۆڕێتیەکەیەوە))[٨] ، ئەمە ڕێگەی خۆشکرد تا ڕەخنەی ئەدەبی سوود لە بنەما و تەکنیک میکانیزم و تیۆری ئەم زانستانە وەربگرێت و بەسوودی خۆی ئاراستەیان بکات. بەتایبەتیش زانستەکانی وەک (مێژوو و کۆمەڵناسی و دەروونناسی) ڕەخنەی ئەدەبی سوودی لە پێوەر و بنەما و یاسا و میکانیزم و مێتۆدەکانی ئەم زانستانە وەرگرت، بەمەبەستی لێکدانەوەو شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبی ((ڕەخنە پەیوەندیەکی جێگیری بە زانستە مرۆڤایەتیەکانەوە هەیە کە توێژینەوە لە چالاکیەکانی مرۆڤ دەکات بۆجۆرێک مرۆڤ وەک فەلسەفە (بە لقە جیاوازەکانیەوە) و مێژوو و زمانەوانی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و...هتد وەسف دەکات))[٩] . لێرەوە ڕەخنە لەوە دەرچوو کە لەسەر بنەمای ڕەوشت یان لەسەر بنەمای هەندێک یاسا و پێوەری هەڵێنجراو لە دەقەکانەوە یان لەسەر بنەمای ئینتیباعیەت بڕیار بدات و توێژینەوە لە ئەدەب بکات.

هەریەکە لە ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان بە دوو هێڵی تەریبدا دەڕۆن و بەهۆی جیاوازی سروشتی هەریەکەیانەوە بەیەک ناگەن، بەڵام جۆرە حەزێک لای هەندێک لە زانایان و ڕەخنەگران سەریهەڵدا کە پاڵی پێوەنان بۆئەوەی کاربکەن لەپێناو بەیەک گەیاندنی ئەم دوو

[٦] - نجيب فايق ئەندراوس، المدخل في النقد الادبي، مكتبة انجلو المصرية، مصر، ١٩٧٤، ص١٢.

[٧] - د. مرشد الزبيدي، اتجاهات نقد الشعر العربي العراقي، ص٢٣.

[٨] - د. سمير سعيد حجازي، النقد الادبي المعاصر قضاياه واتجاهاته)، دار الافاق العربية، القاهرة، ٢٠٠١، ص٣٢.

[٩] - د. محمد غنيمي هلال، النقد الادبي الحديث، ط٣، دار نهضة مصر للطبع والنشر، القاهرة، ١٩٧٧، ص ١١


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هێڵە، لەم بەیەکگەیشتن و بەریەککەوتنەی نێوان ئەم دوو جەمسەرە جیاوازەی چالاکی مرۆڤدا دوو جۆرە توێژینەوە سەریانهەڵدا، کە زۆرجار توێژەر و ڕەخنەگران لە یەکتریان جیاناکەنەوە و تێکەڵی یەکتریان دەکەن، هەرچەندە ئەم دوو جۆرە توێژینەوانە جیاوازیان هەیە. جۆری یەکەمیان پێیان دەوترێت (بەڵگەنامەیی سوودبەخش)، لەم جۆرەیاندا زانستە مرۆڤایەتیەکانی وەک: مێژوو و کۆمەڵناسی و دەروونناسی، ئەدەب وەکو کەرەستەیەک بەکاردێنن بۆ خزمەتکردنی ئامانجەکانی خۆیان، ئەمەش کاتێک مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەدەبی وەکو تۆمارێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی دەکەن، کە بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی تێیدا ڕەنگیدابێتەوە. لەم جۆرەیان گرنگی بە لایەنی هونەری و جوانی دەقی ئەدەبی نادرێت. جۆری دووەمیان پێیان دەوترێت(توێژینەوەی ڕەخنەیی) لەمەیاندا دەوری زانستەکان پێچەوانە دەبێتەوە، بەجۆرێک زانستەکان دەبن بە خزمەتکاری ئەدەب، بەواتایەکی تر ئەدەب زانستەکان وەکو ئامرازێکی یارمەتیدەر بۆ شیکردنەوە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی بەکاردێنێت. ئەمجۆرەیان وەکو بەڵگەنامە مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا ناکات، بەڵکو زیاتر جەخت لەسەر لایەنی جوانی و تەکنیکە هونەریەکانی دەقەکە دەکاتەوە[10] . لە ئەنجامی ئەم جۆرە پێوەندیانەی نێوان ئەدەب و ڕەخنە و زانستە جۆراوجۆرەکان یەکەم هەنگاو بەرەو گۆڕانکاریەکی ڕیشەی ئاراستە کرا و یەکەم مێتۆدی ڕەخنەیی لەسەر دەستی نووسەر و توێژەرانی وەک (سانت بێڤ و هیپۆلیت تین و فێردیناند برۆنتییر)ەوە سەریهەڵدا کە (مێتۆدی ڕەخنەی مێژوویی) بوو و توێژینەوەکانی ئەم نووسەرانەش دەچنە خانەی ڕەخنەی زانستییەوە ((سیفەتی ڕەخنەی زانستی بۆ نموونە بەو ڕەخنەیە دەوترێت کە ڕەخنەگرانی وەک (تین و برۆنتییر) نووسیوویانە، چونکە ئەم جۆرە ڕەخنەیە سروشی لە دەستکەوتەکانی زانستەکانەوە وەرگرتووە))[11] . بەمەش ڕەخنە بەرەو زانستیی بوون و مێتۆدییەت هەنگاوینا و ڕەخنەی زانستی سەریهەڵدا و ئیدی ئەدەب لە ڕەخنەی ڕەوشتی و ڕەخنەی پێوەریی ڕزگاری بوو. لێرەدا مەبەست لە ڕەخنەی زانستی ئەو ڕەخنەیەیە کە سوودی لە زانستەکان وەرگرت و تەکنیک و مێتۆد و میکانیزمی ئەو زانستانەی لە توێژینەوە لە پایەکانی کردەی داهێنانی ئەدەبی (نووسەر – دەق – خوێنەر)دا بەکراهێنا و ڕەخنەش سنوور و مێتۆد و چوارچێوەیەکی زانستی بۆ دروستبوو بەگوێرەی هەر مێتۆدێکی ڕەخنەیی. کەوایە سەرەتای سەرهەڵدانی یەکەم مێتۆدی ڕەخنەیی لە سەدەی نۆزدەهەمدا بوو. لە سەدەی بیستەمیشدا دوای ئەوەی زمانەوانی نوێ لەسەر دەستی (فێردیناند دی سۆسێر)ەوە سەریهەڵدا بەتایبەتیش لە کتێبەکەی بەناوی (کۆرسێک لە زمانەوانی گشتی) کە دوان لە قوتابیەکانی خۆی دوای مردنی (سۆسێر) بڵاویان کردەوە، ڕەخنەی ئەدەبی ئاراستەیەکی جیاوازتری لە پێشووتر گرتەبەر و بە سوودوەرگرتن لە بۆچوون و تیۆر و توێژینەوە زمانییەکان توانی ئاراستەی توێژینەوە ڕەخنەییەکان بەرە و

[10]- د. محمد عبدالحميد، النص الادبي بين اشكالية الاحادية والرؤية التكاملية، ط١، دار الوفاء للطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٤، ص٦٧

[11]- د. مرشد الزبيدي، اتجاهات نقد الشعر العربي في العراق، ص٣٦-٣٧.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

جیهانی ناوەوەی دەق و خوێنەر و مەسەلەی خوێندنەوەی دەق بەرێت، لە ئەنجامی سوودوەرگرتنی ڕەخنە لە زمانەوانی نوێوە ژمارەیەکی زۆر میتۆد و ئاراستەی ڕەخنەیی سەریانهەڵدا کە بە دوو ئاراستە کاریان دەکرد، بەشێکیان دەق تەوەری توێژینەوەیان بوو، بەشەکەی تریشیان خوێنەر تەوەرەی توێژینەوەکەیان بوو. بۆیە تێبینی ئەوە دەکەین کە سەدەکانی نۆزدە و بیست سەدەی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی میتۆدە ڕەخنەییەکانە. ئەم ژمارە زۆرەی میتۆدی ڕەخنەییەکان جۆرێک لە کێشەی پۆلینکردنی میتۆدەکان دروستکردووە و پۆلێنکردنی ئەم هوموو میتۆدە کارێکی وا ئاسان نییە.

(ئەبرامز) دەیەوێت بەرگری لە دەرهاویشتە فەلسەفییە ئیستاتیکیەکانی هونەر بکات کە بیرۆکە ڕەخنەییەکانی لێوەدەرچووە زۆری و جیاوازی میتۆدە ڕەخنەییەکانی لێوەبەرهەم هاتووە، کەچی (ڕیتشاردز) لە کتێبەکەیدا بەناوی (بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی) کە بە سەرەتای مێژووی ڕەخنەی نوێ دادەنرێت، ئەمە بە جۆرێک لە ناڕێکی و پەشێوی تیۆرە ڕەخنەییەکان دادەنێت و پێیوایە ئەو ڕەخنەگرتنانە لە فرەیی و جۆراوجۆری فەلسەفەکانی هونەر و ئەو پەشێویەی ئەو فەلسەفانەی گرتۆتەوە، هۆیەکەی ئەوەیە، ئێمە داوا لە ڕەخنە دەکەین کە کارێک ئەنجام بدات کە لە توانایدا نیە، بۆیە لە زۆرێک لە هێزە ڕاستەقینەکەی ڕەخنەدا بە هەڵە دادەچین. لەبەرئەوە دەبێت لەوە تێبگەین کە ڕەخنە زانستێک نییە لە زانستە سروشتی یان دەروونییەکان و بەرگەی هەموو ئەنجامەکانی ئەم ڕاستیە بگرین[12] . بە بڕوای (ریتشاردز) ڕەخنە لە توانایدا نییە هەموو داواکاریەکان جێ بەجێ بکات، لە ئەنجامدا ڕوو بە ڕووی جۆرێک لە بۆچوون و فەلسەفەی جیاواز دەبینەوە و ئاڵۆزی چەمکی ڕەخنە بەرەو هەڵدێر دەبات. هۆی سەرهەڵدانی ئەم هەموو میتۆدەش بۆ گەلێک هۆکار دەگەڕێتەوە، ئەگەر سەیری خودی ڕۆشنبیری بکەین ئەوا کۆمەڵێک هۆکاری فرە لایەنی وەک: کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و... هتد هەن، ڕۆشنبیری بەرەو بونیادێکی کۆمەڵایەتی ئابووری سیاسی دەجولێنن، ئەمە بە گوێرەی ئەدەب و هونەریش ڕاستە، چونکە ئەمانە هونەری مرۆڤن، بە گوێرەی ئەوەی مرۆڤ یان کۆمەڵگا بۆیان دیاری دەکات، لە گۆڕانی بەردەوامدا دەبن. بۆی هەیە لە سەردەمێکدا هونەری بیناسازی و شیعر و هونەری هەڵکۆڵین برەویان هەبێت. لە سەردەمێکی تر شانۆگەری و لەسەردەمێکیش ڕۆمان برەویان هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرانە نافەوتێن، بەڵکو جۆری جیاوازی تریان لێ دەبێتەوە، بە گوێرەی پێویستییە کەسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئیستاتیکییەکانەوە[13] . بەپێی ئەم هۆکارانەش تەنیا میتۆدێک بەس نییە، چونکە یەک میتۆد بۆ هەموو جۆرەکانی داهێنان نابێت، لەوانەیە لێکۆڵەر میتۆدێکی گونجاو بۆ هەر ماددەیەکی داهێنان یان بیر بە گوێرەی پێکهاتە تایبەتیەکەی هەڵبژێرێت. بۆ نموونە لەوانەیە ئەوەی بۆ هونەری شیعر دەست دەدات، بۆ هونەرەکانی تر نەبێت. بۆیە میتۆدی زانستەکان و میتۆدەکانی لێکۆلینەوەی داهێنانی مرۆڤ

[12]- د. صلاح رزق، ادبية النص (محاولة التأسيس منهج نقدي عربي)، دار غريب للطباعة و النشر و التوزيع، القاهرة، ٢٠٠٢، ص١٣٤..

[13]- د. مدحت الجيار، النص الادبي من منظور اجتماعي، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠١، ص١٦.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەرەو فراوان بوون و جۆراوجۆری هەنگاو دەنێن[14] . هەر مێتۆدێک لەم مێتۆدانە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە لێکۆڵەرێکەوە بۆ یەکێکی تر و لە کەرەسەیەکی زانستییەوە بۆ کەرەسەیەکی تر، گۆڕانیان بەسەردادێت[15] . تەنانەت خودی یەک مێتۆدیش بە تێپەڕبوونی کات کۆمەڵێک گۆڕانی بەسەردادێت و مێتۆدی تری لێدەکەوێتەوە. کەواتە هۆکارە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و دەروونی و ئیستاتیکییەکان، دەورێکی سەرەکی لە پەرەسەندن و فراوانبوونی مێتۆدە ڕەخنەییەکان دەگێڕن. هەروەها پەرەسەندنی زانستەکان (بەتایبەتی زانستە مرۆڤایەتییەکان) و جیابوونەوەیان لە فەلسەفە، بوو بە هۆی ئەوەی ڕەخنەی ئەدەبی پەیوەندی لەگەڵ مێتۆدەکانی ئەم زانستانەوە ببەستێت و سوود لە بنەما و یاساکانی ئەم زانستانەوە وەربگرێت، بەمەبەستی شیکردنەوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و تێگەیشتنی دەقی ئەدەبی، لە ئەنجامدا کۆمەڵێک مێتۆدی ڕەخنەیی هاتنە کایەوە..

**- تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و ڕۆڵیان لە سەرهەڵدانی مێتۆدە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا:**

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە تیۆری ئەدەبیدا سەریهەڵدا و توێژینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان ئاراستەیەکی جیاوازتریان گرتەبەر کە جیاواز بوو لەو ئاراستەیەی مێتۆدە ڕەخنەییەکان بەکاریگەریی تیۆرە کۆنەکانی ڕەخنە گرتبوویانەبەر. چونکە مێتۆدە ڕەخنەییە کۆنەکان بەکاریگەری تیۆرە کۆنەکانی ڕەخنە و سوودوەرگرتن لە مێتۆدە زانستیە جیاوازەکان زیاتر مێتۆدی سیاقیی بوون و دووربوون لە خوودی دەق و لایەنی هونەریی و ئیستاتیکی و بونیادی شاراوەی زمان و واتا و زۆر شتی تر کە پەیوەست بوون بە خودی بونیادی دەق و ڕۆڵی خوێنەر، کەچی بەکاریگەری تیۆرە ڕەخنەییە نوێیەکانەوە مێتۆدی ڕەخنەیی نوێ سەریانهەڵدا و هەنگاویان بەرەو ناوەوەی دەق و گرنگیدان بە پرۆسەی خوێندنەوە و فرەواتایی و زمانی دەق و واتای شاراوەی دەق دا ((تیۆری ڕەخنەی نوێ دژی تیۆرەکانی ڕۆمانسیزم، و سۆسیۆلۆژیای ئینتیباعی بوو و ئەوەیان ڕەگەیاند کە دەبێت ڕەخنەگر گوێڕایەڵی خودی بەرهەمی شیعریی بێت و خۆی نەداتە دەست هەستەکانەوە))[16] ، تیۆرەی نوێیەکانی ڕەخنە خۆیان بە خاوەنی ئەم هەنگاوە ڕیشەییە دەزانن و ((تێڕوانینێکی باویش هەیە کە تیۆرە ڕەخنەییە نوێیەکان گرنگیدان بە ڕەگەزە دەقییەکان، و ڕێگەی پێشکەشکردنیان، و شێوازەکانی پێکهاتنیان لە کاری ئەدەبیدا کردۆتە بواری گرنگی پێدانی خۆیان ئەوانە تیۆری فۆرمالیزمیین و دژی ئاراستەی مرۆڤایەتی، و بەها ئاکارییە چەسپاوەکانن کە زۆرێک لە تێڕوانینە ڕەخنەییە کۆنەکانیان لەسەر بونیادنراوە لەبارەی ئەدەب و ئەرکی مرۆڤایەتی ئەدەب و ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکەی ئەدەب))[17] ئەمەش بەمانای گەڕانەوە بۆ خودی دەقی ئەدەبی و گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ دەق لە بریتی دەسەڵاتی نووسەر و دژایەتیکردنی ئەو بۆچوونەی کە

---

[14] - سەرچاوەی پێشوو، ص١٧.

[15] - سەرچاوەی پێشوو، ص٤.

[16] - محمد شبل الكومي، المذاهب النقدية الحديثة (مدخل فلسفي)، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ص١٤١.

[17] - د. صبري حافظ، افق الخطاب النقدي (دراسات نظرية وقراءات تطبيقية)، ط١، القاهرة، ١٩٩٦، ص١٥.


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

دەیەویێت ئەركێكی مرۆڤایەتی و ڕۆڵێكی كۆمەڵایەتی بە ئەدەب ببەخشێت. چونكە ڕەخنەی دەقیی كە بەكاریگەری زمانەوانی نوێ كەلەسەر دەستی (سۆسێر) هاتەكایەوە و بەكاریگەری تیۆرە نوێیەكانی ڕەخنەی نوێ سەریهەڵدا هەرگیز خوێندنەوە بۆ دەق لە سیاقە مێژووییەكەیدا ناكات، بۆ نموونە ((چێژوەرگرتن لە خوێندنەوەی (هۆمیرۆس) و وا پێویستە كە پێگەكەی لە سیاقێكی مێژوویی دابنرێت ئەم بیرۆكەیە دژیەكە لەگەڵ ڕەخنەی دەقیی، لەبەرئەوەی شیكردنەوەی دەق پشت بە كەرەستەكانی لە دەرەوە نابەستێت))[18] ، بەگوێرەی تیۆرە كۆنەكانی ڕەخنە دەشێ دەق لە سیاقە مێژیی و دەروونی و كۆمەڵایەتییەكەیەوە خوێندنەوەی بۆ بكرێت، كە ئەمە دژە لەگەڵ تیۆرە ڕەخنەییە نوێیەكان، چونكە بەگوێرەی ئەم تیۆرە نوێیانە دەبێت دەق لە سیاقە هونەری و ئیستاتیكی و زمانییەكەیەوە توێژینەوەی لەسەر بكرێت و هۆكار و كەرەستەكانی دەرەوەی دەق فەرامۆش بكرێن. بە كاریگەری ئەم بۆچوونە لە ڕوسیا فۆرمالیزمە ڕوسەكان سەرلەنوێ بەها و نرخیان بۆ دەق گەڕاندەوە، ئەوان ((بەرهەمە ئەدەبییەكانیان كردە تەوەری لێكۆڵینەوە و ناوەندی بایەخ پێدانی ڕەخنەیی، هەموو پاشخانەكانی تری پەیوەست بە ژیانی نووسەر و ژینگە و ڕابردووی نووسەریان پشتگوێ خست و لە خودی تایبەتمەندییە كرۆكییەكانی ئەدەبەوە هەوڵی دانانی زانستێكی ئەدەبیی سەربەخۆیان دەدا، بەدوای ڕەگەزەكانی بونیادی دەقی ئەدەبی و سیستەمی جولەی ئەو ڕەگەزانەدا دەگەڕان))[19] . بە هەمان شێوەی فۆرمالیزەكانەوە، ڕابەرانی ڕەخنەی نوێش لە ئەمریكا بۆ هەمان تێڕوانین گەڕانەوە، ئەگەرچیش ڕەخنەگرانی ڕەخنەی نوێ زەمینەسازیەكی هاوبەشیان نەبوو كە كۆیان بكاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەبوو ((گرنگترین ئەو هۆكارە هاوبەشانەی ڕەخنەگرە نوێكان لەتێڕوانینیاندا بۆ ئەدەب لەسەریان كۆكن، ئەوەیە ئەدەب لای ئەوان هونەرە، نەك مێژوو، یان فەلسەفە، یان دەروونناسی و لە بنەمادا پێویستە لە تایبەتمەندییە هونەری و ستاتیكییەكانی بكۆڵرێتەوە))[20] . لای ئەمانەش ئەوەی لە دەرەوەی دەق تەحەككوم بە دەق دەكات هیچ بەهایەكی ئەوتۆی نییە، بەڵكو دەبێت لە خودی دەقەوە دەست پێبكرێت و لەو سنورە دەرنەچێت. شێوازگەریش كە لە شێوازە ئەدەبیی و زمانییەكەی دەق دەكۆڵێتەوە لەسەر هەمان ڕێچكەی ئەوانەی پێش خۆی ڕۆیشتووە و بە سوودوەرگرتن لە زمانەوانی نوێ و تیۆرە ڕەخنەییە نوێیەكان تەنیا لەنێو دەقدا كاردەكات و مەبەستە سەرەكەكیەكەی بریتییە لەو شێوازەی كە دەق بەهۆیەوە پەیام و مەبەستەكانی دەگەیەنێت، هەڵبەت كەرەستەی دەقیش كە كۆد و پەیامەكەی پێ بگەیەنێت زمانە، شێوازگەریش هەوڵدەدات ((تەركیز بخاتە سەر ڕێگەكانی بەكارهێنانی زمان و ئەدای ئەو زمانە))[21] ، لای نووسەر دوور

---

[18]- د. ابراهیم محمود خلیل، النقد الادبي الحدیث (من المحاكاة الى التفكیك)، ط١، دار المیسرة، عمان، ٢٠٠٣، ص٩٠.

[19]- د. بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ مێتۆدەكانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی: د. محمد تاتانی، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٩٤-٩٥.

[20]- سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩-١٢٠.

[21]- د. موسی سامح ربابعة، الاسلوبیة (مفاهیمها وتجلیاتها)، ط١، دار الكندي، جامعة الكویت، ٢٠٠٣، ص٩.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لە هەر کەرەستەیەک کە لە دەرەوەی دەقەوە خۆی بەسەر دەقدا دەسەپێنێت. لە شەستەکانی سەدەی بیستەمیشدا بونیادگەری فۆرمالیزمی ئەم بۆچوونەی کرد بە کارنامەی ئەو ستراتیژییەتەی کە کاری بۆ دەکرد لەپێناو سەرلەنوێ گرنگیدان بە بونیادی دەق و ئەو پێوەندییانەی سیستەمی ناوەوەی دەقیان کۆنترۆڵ کردووە ((بونیادگەرییەکان زیاتر جەخت لەسەر گەوهەری ناوەوەی دەق دەکەن، بێئەوەی گوێ بە هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و باری دەروونی و ئایدیۆلۆژیای نووسەر بدەن، ئەوان پێیانوایە کە بەرهەمی ئەدەبی سیستەم و بونێکی تایبەتی خۆی هەیە))[٢٢] . ئەمەش هەمان ئەو تێڕوانین و گۆشە نیگایەیە کە تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی بانگەشەیان بۆ دەکرد. ئەم ڕەوتە هەر لە ڕەخنەگرانی فۆرمالیزمی ڕوسی و ڕەخنەی نوێوە دەست پێدەکات تا دەگاتە بونیادگەری کە دوا مێتۆد و ڕەوتی پێش هاتنەکایەی (ڕەوتەکانی پاش بونیادگەری) بوو کە کاری لەسەر بونیادی دەقدا کردووە.

دوای ئەوەی بە کاریگەری زمانەوانی نوێ و بۆچوونە زمانییەکانی (سۆسێر)ەوە ڕەخنەی ئەدەبی دەستبەرداری تیۆر و تێڕوانین و بۆچوونە کۆنەکان بوو و لەبریتی ئەمە تیۆری نوێتر سەریانهەڵدا و دەسەڵاتیان لە نووسەر و هەموو ئەو هۆکارە دەرەکییانەی لە دەرەوەی دەقی ئەدەبییەوە تەحەککومیان بە دەق دەکرد، سەندەوە، جارێکیتر دەسەڵات و نرخ و بەهای ئیستاتیکی و هونەریی بۆ دەق گەڕایەوە دەق بووە تەوەری سەرەکی توێژینەوە ڕەخنەییەکان. جارێکیتر و ڕەخنە هەنگاوێکیتری جیاوازتری نا و سەردەمێکی نوێتر هاتەکایەوە و تیۆرە ڕەخنەییە هاوچەرخەکان دەرکەوتن، ئەمەش پاش ئەوەی خۆری بونیادگەری وردە وردە بەرەو ئاوابوون ڕۆیشت و وەک پەرچەکردارێکیش لە دژی کەم و کوڕییەکانی بونیادگەری و مێتۆد و ئاراستەکانی پێشەخۆشی دروستبوون، دەشێ ناویان بنێین (تیۆرەکانی پاش بونیادگەری، تیۆرە ڕەخنەییە هاوچەرخەکان، تیۆرە ڕەخنەییەکانی پۆست ستراکچرالیزم، تیۆرە ڕەخنەییەکانی پۆست مۆدێرنیزم). دەکرێت بڵێین ماوەی پاش بونیادگەری لە کۆتایی شەیتەکانەوە یان لە ساڵی (١٩٧٠)ەوە دەست پێدەکات و تاوەکو ساڵی (١٩٩٠) درێژە دەکێشێت. لەم ماوەیەدا هەرچەندە دەق مژاری سەرەکی توێژینەوەکان بوو، بەڵام گۆڕانکاری بەسەر جۆری تێڕوانینەکان و تەنانەت تیۆری ڕەخنەییشدا داهات و دەشێ لەم چەند خاڵەدا کورتیان بکەینەوە:

- دوای ئەوەی بۆماوەیەکی زۆر خوێنەر لە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبیدا فەرامۆشکرابوو، کە یەکێکە لە پایە بەشداربووەکانی کردەی داهێنانی ئەدەبی، جارێکیتر دەسەڵات و نرخ و بەهای بۆ گەڕایەوە و هاتەوە نێو هاوکێشە ڕەخنەییەکانەوە ((ئاراستەکانی پاش بونیادگەریی و بەتایبەتیش هەڵوەشاندنەوەگەرایی، ئەو ئاراستانەی گرنگی بە خوێندنەوە دەدەن کۆتاییان بە دەسەڵاتی دەق هێنا و گواستیانەوە بۆ خوێنەر، کە لە تێڕوانینی ئەم ئاراستە نوێیانە خوێنەر وەرگرێکی نەرێنی ملکەچ بۆ دەسەڵاتی دەق و کۆدەکەی نیە بەڵکو بوو بە دروستکەری

[٢٢]- د. شكري عزيز الماضي، في نظرية الادب، دار الحداثة، بيروت، ١٩٨٠، ص١٨٣.


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

دەق))[٢٣] . بۆیە لە ڕوانگەی تیۆرە هاوچەرخەکانی پاش بونادگەری خوێنەر داهێنەر و خاوەنی دەقە و لە توانایدا هەیە سەرلەنوێ گیانێکی تازە بەبەر دەقدا بکاتەوە، ئەویش بەهۆی پرۆسەی خوێندنەوەوە، چونکە دەق بوونە فیعلیەکەی خۆی لە خوێندنەوەوە دەست دەکەوێت.

- دەق لای ئەمانە فرەواتایە و یەک واتایی و سنورداركردنی واتای دەق ڕەتدەکەنەوە، چونکە دەق بێ کۆتا واتای جیاواز هەڵدەگرێت و هەر خوێندنەوەیەک دەشێ واتایەکی نوێتر بە دەق بدات، (دریدا) جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە و گرنگی دەدات بە ((فرەیی و جیاوازی لە واتادا لەمەشیاندا وەک ڕابەرانی تیۆری وەرگرتن وایە، و ئامادەبوون و بەرزڕاگرتن کە سیمای میتافیزیکای ڕۆژئاوان ڕەتدەکەنەوە، بۆئەوەی کرانەوەی خوێنەر لە گفتۆگۆی لەگەڵ زماندا شوێنیان بگرێتەوە، بەمەش ئارەزووی ڕەخنە و ڕەخنەی ڕەخنە دەکرێتەوە))[٢٤] . بەمەش دەق ڕزگاری بوو لە یەک واتایی و واتای پێشوەخت و واتای ئامادەبوو و بەرزڕاگرتنی واتا.

- هەر خوێندنەوەیەک بۆ دەق بەها و نرخێکی بۆ دیاریدەکات بەگوێرەی ئەو خوێنەرەی دەقەکە دەخوێنێتەوە کە دەشێ جیابێت لە تێڕوانینی نووسەری دەق بۆ دەقەکەی خۆی، چونکە ((کاتێک خوێنەر پێشوازی لە دەق دەکات ئەوا بەگوێرەی فەرهەنگی خۆی وەریدەگرێت، لەوانەیە ئەم فەرهەنگە مێژوویێک بۆ وشەکان بەخوێنەر بدات جیاوازبێت لەوەی داویەتی بە نووسەر کاتێک دەقەکەی داهێناوە، لێرەوە واتا جۆراوجۆر و چەندبارە دەبێتەوە و دەق دەتوانێت بەهایەکی نوێ لەسەر دەستی خوێنەر بەدەست بێنێت))[٢٥] .

- هەر دالێک لەنێو دەقدا چەندین مەدلولی جیاوازی هەیە، هەر مەدلولێکیش واتایەکی جیاواز بەم داله دەدات، ئەمەش ئەرکی خوێنەرە لەنێو دەریای مەدلولەکان مەلە بکات و بیاندۆزێتەوە، چونکە مەدلول لەنێو دەقدا ئامادەنییە، تەنیا دال بوونی هەیە، ئەمەش وەک ئەوە وایە بڵێین وشە بوونی هەیە و واتا دیار نیە و لە حاڵەتی ئامادەنەبوون دایە و پێویستی بە دۆزینەوە و خستنەڕوو هەیە.

- کەرەستە و هۆکارەکانی دەرەوەی دەق کە ڕۆڵێکی سەرەکییان لە بونیادنانی دەق و شێواز و زمانی دەقدا هەیە، لای تیۆردانەرانی پاش بونیادگەری گرنگی پێنادرێت و فەرامۆش کراوە، ئەگەرچیش لەوانەیە لە مەسەلەی گەڕان بەدوای واتاکانی دەقدا هۆکاری گرنگ بن، بەڵام چونکە لە دەرەوەی دەقەوە تەحەککوم بە دەق دەکەن، بۆیە ئەرک و ڕۆڵیان لەبەرچاو ناگیرێت.

ئەم بۆچوونانەش کاریگەریان هەبوو لەسەر سەرهەڵدانی چەندان مێتۆدی ڕەخنەیی هاوچەرخ کە بە مێتۆدە ڕەخنەییەکانی پاش بونیادگەری ناسراون و بریتین لە (سیمیۆلۆژیا، تیۆری وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەر، هەڵوەشاندنەوەگەرایی، هێرمنیۆتیکا).

لەم دوو تەوەرەی داهاتوودا هەوڵدەدەین هێڵە گشتییەکانی ئەم مێتۆدە ڕەخنەییانە دەربخەین، بۆیە تەنیا بەکورتی ئەوە ڕووندەکەینەوە کە لە کوێوە ئەم مێتۆدانە گرنگی بە (دەق) و (خوێنەر)

[٢٣] - فاضل ثامر، الصوت الاخر ((الجوهر الحواري للخطاب)، دار الشؤون الثقافية العامة، ١٩٩٢، ص٢٣٠.

[٢٤] - د. بسام قطوس، استراتيجيات القراءة (التأصيل والاجراء النقدي)، مؤسسة الحمادة ودار الكندي، اربد، ١٩٩٨، ص٣٠.

[٢٥] - د. عبدالله محمد الغذامي، الخطيئة والتكفير (من البنيوية الى التشريحية)، منشورات النادي الادبي الثقافي، جدة، ١٩٨٥، ص٨٩.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەدەن، ناچینە نێو قوڵایی بنەما و تەکنیک و میکانیزمەکانی میتۆدە ڕەخنەییەکان و سەرهەڵدان و پەرەسەندن و ڕابەرانیان.

- **ئەو میتۆدە ڕەخنەییانەی بە دەوری دەقدا دەخولێنەوە:**

- **فۆرمالیزمی ڕوسی:**

ئەم ئاراستەیە لە یەکگرتنی هەردوو کۆمەڵەی (بازنەی زمانەوانی مۆسکۆ) و (کۆمەڵەی توێژینەوەی زمانی شیعریی (ئۆپۆیاز)) دروستبووە و زۆرێک لە ئەندامانی ئەم دوو کۆمەڵەیە بەیەکەوە لەنێو ئاراستەی فۆرمالیزمی کاریانکردووە. یەکێک لە سیما سەرەکییەکانی ئەم ئاراستەیە ئەوەیە کە لە (ئەدەبییەت)ی دەقی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە و ئەدەبییەتیش لای ئەمانە بریتیە لەو هۆکارانەی وا لە دەقێک دەکەن بە دەقێکی ئەدەبی دابنرێت ((ئەدەبییەت، کە بریتییە لەو خاسیەتانەی وا لە ئەدەب دەکەن ببێتە ئەدەب مایەی توێژینەوەن، و بابەتی زانستی ئەدەبن، فۆرمالیزمە ڕوسەکان ناچاربوون گرنگی بە خاسیەتە فۆرمالیزمییەکان بدەن، بەتایبەتیش کەرەستەکان، وەک سەروا، مۆسیقا، ڕیتم، دەستەواژەکان، بونیادەکان، زمان بەشێوەیەکی گشتی))[٢٦] . هەر لەمبارەیەوە (جاکۆبسن) دەڵێت: ((بابەتی توێژینەوە ئەدەبییەتە (ئەدەب وەک گشتێک نا، بەڵگو سیما ئەدەبییەکان، واتا ئەدەبیەتی دەق Literariness، کە بریتییە لەو سیمایانەی ئەگەر لە دەقدا بونیان هەبوو ئەوا دەبێتە ئەدەب))[٢٧] ئەدەبییەت کە چەمکێکی سەرەکییە لای فۆرمالیزمەکانەوە گرنگییەکی زۆری پێدراوە، ئەم چەمکە ڕێژەی ئەدەبیبوون و هونەریی و ئیستاتیکای دەق دەسەلمێنێ و لە نێو هەناوی خوودی دەقەوە ڕەگەکانی دادەکوتێ، کۆمەڵێک خاسیەت و ڕەگەز و بنەما دەگرێتەوە کە دەق دەکات بە ئەدەب و لە دەقێکی تری نائەدەبی جیایدەکاتەوە. جگە لەمەش ئەم گرنگیدانە بە خاسیەتە ئەدەبیەکانی دەقێک بەشێوازێکی بابەتی و زانستانە دەبێت و تەنیا لە خولگەی دەقدا دەخولێتەوە ((ئامانجی سەرەکی کە فۆرمالیزم هەوڵی بۆ دەدات بریتیە لە توێژینەوەی (خاسیەتەکانی ئەدەب)، بەمیتۆدێکی بابەتی کە زانستییەتی تێدا بەدی دێت، و ئەوەی ڕەتکردەوە کە توێژینەوە لە ئەدەب بکات لە ڕوانگەی ژیاننامەی خودی نووسەر، هەروەها ئەوەی ڕەتکردەوە کە پەیوەستی بکات بە ڕووداوە کۆمەڵایەتی یان ڕێڕەوی مێژوویی، ئەدەب لای ئەوان تایبەتمەندی سەربەخۆی هەیە))[٢٨] . کەواتە لای فۆرمالیزمەکان هۆکارە دەرەکییەکان (ئەوانەی ڕۆڵیان لە بونیادنانی دەقدا هەیە و پەیوەندییان بە دەرەوەی دەقەوە هەیە) و ژیاننامەی نووسەر و لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژوویی و........ هتد گرنگییەکی ئەوتۆی نییە و فەرامۆش دەکرێت، ئەوەی گرنگە تەنیا دەق و زمانی دەق و هەموو ئەو ڕەگەزانەیە کە پەیوەندیان بە خودی دەقەکەوە هەیە. لای فۆرمالیزمەکان دەق لە کۆمەڵێک ڕەگەز پێکهاتووە کە پەیوەندییەکی ئالوگۆڕیان بەیەکەوە هەیە

[٢٦]- عدنان بن ذريل، النص والاسلوبية (بين النظرية والتطبيق)، اتحاد كتاب العرب، ٢٠٠٠، ص٢٧.

[٢٧]- د. محمد عناني، المصطلحات الادبية الحديثة، ط٣، دار نوبار للطباعة، القاهرة، ٢٠٠٣، ص٦٩.

[٢٨]- امال بناصر، اثر الدراسات البنيوية في النقد الادبي الحديث، رسالة دكتوراه، جامعة ابي بكر بلقايد، كلية الاداب واللغات، قسم اللغة العربية وادابها، الجزائر، ٢٠١٤، ص٣٤.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

((لە ڕوانگەی (تنیانۆڤ)ەوە دەقی ئەدەبی لە ڕەگەزی خاوەن پەیوەندی ئالوگۆڕكراو پێكدێت، كە كارلێكی ئالوگۆڕكراو لەنێوان ئەم ڕەگەزانەدا هەیە، لە هەر دەقێكی ئەدەبیدا هەندێك لەم ڕەگەزانە (كەرەستەی زاڵن) و هەندێكیشیان (كەرەستەی ئاسایین)، دەقی ئەدەبی ئەركە ئەدەبییەكەی تەنیا لەڕێگەی (كەرەستە زاڵكان)ەوە بەدەست دێنێت))[29] ، دەقیش تەنیا بەهۆی ئەم كەرەستە زاڵ و سەرەكیانەوە ئەدەبییەتی خۆی بەدەست دێنێت.

فۆرمالیزم وەك بەناوەكەیەوە دیارە گرنگی بە ڕوخسارە پێكهاتەییەكانی دەق دەدات كە خۆی لە شێوە و فۆرمی دەقدا دەبینێتەوە ((فۆرمالیزمە ڕوسەكان پێیانوابوو كە ئەدەب بوارێكی جیاوازە بەهۆی فۆرمەكەیەوە، و بوارێكی جیاكەرەوەشە بەهۆی ئەم فۆرمەوە لە گشت ڕەفتارە مرۆڤایەتییەكان Human Behavior، جگە لەمەش سەیری وایان دەبینی كە ئەدەب بە پلە یەك هونەرێكی زمانییە نەك ئەوەی ئاوێنەی كۆمەڵگا یان گۆڕەپانی ململانێی بیرەكان بێت، بۆیە گرنگیدانەكەیان بە شیعر بوو نەك شاعیر، واتە خودی بەرهەمە ئەدەبیەكان، نەك ڕەگ و ڕیشە و شوێنەواریان))[30] . هەموو ئەو ڕەگەزانەی فۆرمی دەقی ئەدەبی پێكدێنن جێگای بایەخی فۆرمالیزمەكان بوون. كە یەكێك لەم ڕەگەزانەش زمانە. زمانی دەقی ئەدەبی لای فۆرمالیزمەكان بوونێكی تایبەتی هەیە و سەرچاوەی چێژ و خۆشی بەخشینە، لەمبارەیەوە ((وتوویانە زمان لە ئەدەبدا، بەتایبەتیش لە شیعردا نابێتە دەفرێك یان هۆكارێك Vehicle بۆ گەیاندنی واتا بۆ خوێنەر، واتا گەیاندن Communication، و لە سنووری ڕمزبوون بۆ شتەكان ناوەستێت، بەڵكو خودی خۆی دەبێتە شتێك كە بوونێكی سەربەخۆی هەیە، بگرە دەبێتە سەرچاوەیەكی سەربەخۆی Autonomous چێژ بەهۆی یەكخستن و بەیەكەوە پەیوەستكردنی ئەو كەرەستە جۆراوجۆرانەی لەبەردەستی شاعیردان، وەك ڕیتم Rhythm، كێش Metre، گونجانی دەنگی Euphony، وێنەی شیعری Images، كە ئەم هێما لەفزیانە (واتا ئەو ڕەمزە لەفزیانە Symbol ) بگوازێتەوە بۆ قەوارەیەكی خاوەن هارمۆنیەت Harmonious و دژبەیەك))[31] . هەر بۆیە گرنگیدانیان بە زمانی دەق، وایلێكردن كە لەسەرەتاكانی سەدەی بیستەمەوە ((دەمارگیرانە تەركیز بخەنە سەر كرۆكی ناوەوەی بەرهەمی ئەدەبی))[32] . هەموو ڕەگەز و كەرەستەكانی دەق و كرۆكی ناوەوەی دەق دەوەستێتە سەر زمان و زمان هەموو ئەمانە لە سیستەمێكی هارمۆنی و تەواودا بەیەكەوە دەبەستێتەوە.

- **ڕەخنەی نوێ**

ئەم ئاراستەیە بە (ڕەخنەی نوێ) و ڕەخنەی (ئەنگلۆ – سەكسۆنی)یش بەناوبانگە. ڕەخنەگرانی ئەم ئاراستەیە لە ئەمریكا بەهەمان شێوەی فۆرمالیزمە ڕووسەكان ئاراستەی ڕەخنەیان جارێكیتر گواستەوە بۆ گۆڕەپانی دەق ((ئەوەی پێشتر فۆرمالیزمە ڕووسەكان ئەنجامیاندا لە

---

[29]- عدنان بن ذريل، النص والاسلوبية (بين النظرية والتطبيق)، ص٢٨.

[30]- د. محمد عناني، المصطلحات الادبية الحديثة، ص٦٩.

[31]- د. محمد عناني، المصطلحات الادبية الحديثة، ص٧٠

[32]- د. صبري حافظ، افق الخطاب النقدي (دراسات نظرية وقراءات تطبيقية)، ص١٠١.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

گرنگیدان بە ئەدەبییەتی ئەدەب بەهەمان شێوە ڕابەرانی قوتابخانەی ڕەخنەی نوێش لە ئەمریکا ئەنجامیاندا و گرنگیان بە شیعر دا و لە سیاقی دەرەکی دوورکەوتنەوە))[٣٣] ، دوورکەوتنەوە لە سیاقی دەرەکی دەق واتە گرنگینەدان بە ژیانی نووسەر و کۆمەڵگا و ژینگە و سەردەم و مێژوو و هۆکاری سەرهەڵدانی دەق و دەروونی نووسەر و هەموو ئەو لایەنانەی پێوەندیان بە دەرەوەی دەقەوە هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بازنەی توێژینەوە تەنیا لە هەناوی دەقدا دەبێت و سنووری دەق نابەزێنێت.

یەکێک لە خاسیەتە سەرەکییەکانی ڕەخنەی نویَ ئەوەبوو کە چیتر پرسیار لەوە ناکرا ئەرکی ئەدەب چیە؟ بەڵگە و بیانووی بوونی ئەدەب چیە؟ ئەم جۆرە پرسیارانە لەنێو ئەم ڕەخنەیەدا چیتر گرنگی ئەوتۆیان نەما، بەڵکو لەشوێنی ئەمانە پرسیاری تر دەکرا، بۆ نموونە چی وا لە ئەدەب دەکات کە ئەدەب بێت؟ یان هونەر هونەر بێت؟ واتا پرسیار لە سروشتی ئەدەبییەتی ئەدەب و هونەرییەتی هونەر دەکرا[٣٤] . وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی دوایش پێویستی بە کارکردنە لەنێو فۆرم و ئیستاتیکای دەق و ئەو ڕەگەزانەی سروشتی دەق بەرە و ئەدەبییەت دەبەن.

لەنێو ڕەخنەی نوێدا توێژینەوە و خوێندنەوەی دەق تەنیا بۆ مەبەستی واتا نییە، تاکو بەو واتایە بگەین کە دەقەکە لەنێو هەناوی خۆیدا هەڵیگرتووە ((بەڵکو ئاماج لێی بە بۆچونی (ڕانسۆم Ransom) لە توێژینەوەی قەسیدەیەکی (ئەلیۆت Eliot)دا بەناوی (وێرانە خاک The Waste Land)دا دەڵێت: بریتییە لە دۆزینەوەی ئەو ئەو لایەنانەی کە شاعیر بەهۆیەوە دتوانێت بونیادی هونەریی بنێتەدی، بەجۆرێک کە ئەم بونیادە هونەرییە شێوازێکی وای هەبێت کە کاریگەرییەکەی زاڵبێت بەسەر هەموو ڕەگەزەکانی تردا بە ناوەرۆکیشەوە، بۆیە دەبینین ئاماژە بە بونیاد و شێوازی گۆرانی و دژیەکی Paradox و هاوسەنگی و التراسل الدلالی دەکەن))[٣٥] ، ئەمە جگە لەوەی کە ((سیاقی ناوەوەی دەق ئەو سیاقەیە کە ڕەخنەی نویَ گرنگی پێدەدات و گرنگی بە سیاقەکانی تر نادات، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ڕەمزەکان هەڵدەوەشێنرێنەوە و واتاکانیان دەدۆزرێتەوە و توێژینەوە لە پێوەندی نێوانیان و پێوەندیان لەگەڵ ناوەرۆکی قەسیدەکەدا دەکرێت، ئەمەش وادەکات کە خوێنەر چێژ لە دۆزینەوەی توانای لە بەرهەمهێنانی واتای ئەدەبیی دەق وەربگرێت))[٣٦] . کارکردن لەنێو کرۆک و گەوهەری دەق یەکێکە لە کارە لەپێشینەکانی ڕەخنەی نویَ، ئەم ڕەخنەیە ((جەختیش لەوە دەکاتەوە دەبێت دەق بەپێی ناوەوەی خۆی ڕاڤە بکرێت و لە هەموو شتێکی دەرەوەی خۆی دابڕێنرێت، بۆیە ئەزموونی ستاتیکی و سوودی زانستییان لەیەک جیاکردەوە و وایان دادەنا ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی هەر دەقێکی

[٣٣] - د. مرشد الزبيدي، اتجاهات نقد الشعر العربي في العراق، ص٣٤.

[٣٤] - د. صبري حافظ، افق الخطاب النقدي (دراسات نظرية وقراءات تطبيقية)، ص٢٠.

[٣٥] - د. ابراهيم محمد خليل، النقد الادبي الحديث (من المحاكاة الي التفكيك)، ص٧٩.

[٣٦] - سەرچاوەی پێشوو، ص٧٩.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەدەبی بەشێوەیەکی تایبەت بەیەکەوە بەستراون))[٣٧] ، ڕاڤەکردنی دەق بەگوێرەی ناوەوەی خۆی بەواتای ڕووکردنە هەموو ئەو ڕەگەز و کەرەستانەی نێو دەق کە ئیستاتیکا و ئەدەبییەت بە دەق دەبەخشن و دەسەڵات و ڕوخساری هونەری دەق دەردەخەن. گرنگترین شت بەلای ئەمانەوە ئەو یەکێتیە ئۆرگانیەیە کە هەموو توخم و ڕەگەزەکانی دەق بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کە ئەمەش تەنیا ((ئەندێشەیەکی داهێنەرانە یارمەتی شێوەگیربوونی فۆرمی هونەری بدات و ئەم ئەندێشەیە بەرپرسە لە بەدیهاتنی یەکێتیی ئۆرگانیی لە بەرهەمە ئەدەبییەکەدا))[٣٨] ، ئەم یەکێتیە ئۆرگانیە تەنانەت ڕوخسار و ناوەڕۆکیش یەک دەخات، بۆیە ڕەخنەی نوێ لەمیانی شێوەی هونەری و ئیستاتیکی دەقەوە لە ناوەڕۆکیش دەکۆڵێتەوە.

- **بونیادگەریی**:

لێرەدا مەبەستمان (بونیادگەری فرمالیزمی)یە، کە هێڵە گشتییەکانی ئەم جۆرەی بونیادگەری تەنیا بەدەوری دەقدا دەخولێتەوە و کار لە بونیاد و سیستەمی ناوەوەی دەق و ئەو پەیوەندییانەی ئەم سیستەمە بەیەکەوە گرێ دەدات دەکات. بونیادگەری وەکو پەرچەکردارێک لە دژی مێتۆدە ڕەخنەییەکانیتر سەریهەڵدا، لەبەرئەوەی هەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە کاتێک مێتۆدی ڕەخنەی مێژوویی و دواتر مێتۆدی ڕەخنەی کۆمەلایەتی و دواتریش مێتۆدی ڕەخنەی دەروونی هاتنەکایەوە، زیاتر لە سیاقی دەرەوەی دەق کاریاندەکرد و بونیاد و سیستەمی ناوەوەی دەق و فرمیان فەرمۆش کردبوو، لە ئەنجامدا بونیادگەری بۆئەوە هات هەڵە زەقەکانی ئەم مێتۆدانە پەردەپۆش بکات و سەرلەنوێ بگەڕێتەوە نێو جیهانی دەق. بۆیە هەر زوو مردنی نووسەری ڕاگەیاند و دەسەڵاتی بۆ دەق گەڕاندەوە، بۆیە ((ساڵی ١٩٦٨ ڕەخنەگری بونیادگەری (رولان بارت)وتارێکی بڵاوکردەوە و تێیدا مردنی نووسەری ڕاگەیاند و موژدەی لەدایکبوونی وەرگری دا، و ئەوەی ڕەتکردەوە کە ڕێگا بە پێکەوە ژیانیان بدات))[٣٩] . مردنی نووسەر واتا لەناوچوونی دەسەڵات و بڕیار و هەڵوێست و ئامانج و تەنانەت ئەو واتایەش کە نووسەر مەبەستی بووە بە دەقەکەی بدات، مردنی نووسەر واتا ئیتر دەق ئازادە و بە ئازادی لە جیهانی خوێنەراندا دەخولێتەوە و چیتر نووسەر خاوەنی ئەم دەقە نییە، ئەمە دووڕیانێکی تری لەبەردەم دەقدا دانا، یەکێکیان ئەوەیە کە دەق بەهۆی بونیاد و سیستەمی ناوەوەی و پێوەندییەکانی ناوەوە دەتوانێت ناسنامەیەک لە ڕوانگە بونیادگەرییە فۆرمالیزمییەکەوە بۆخۆی دەستنیشان بکات، ئەویتریشیان واتا دەسەڵاتێک بە خوێنەر دەدات تاوەکو بەمشێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکات کە خاوەنەکەی مردووە و ئیتر بەگوێرەی شوێنکاتی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا بکات. چونکە بونیادگەریی فۆرمالیزمی دەسەڵاتی ڕەها دەدات بە دەق، تەنانەت ڕۆڵی خوێنەریش لەژێر دەسەلاتی دەق دایە ((مەرامی خوێنەر و بیر و شارەزاییەکانی و تەنانەت مەرامەکانی خودی داهێنەری دەقیش هیچ بەهایەکیان نیە، خوێندنەوەی داهێنەرانە تەنیا

[٣٧] - د. بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ مێتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل١١٨

[٣٨] - سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.

[٣٩] - د. غازي مختار طليمات، على محك النقد، الجزء الاول، ط١، دار طلاس، دمشق، ٢٠٠٦، ص١٠.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خوێندنەوەیە کە هەوڵی دۆزینەوەی پێکهاتەکانی بونیادگەری و سیستەمەکانی ناوەوەی دەق دەدات))[٤٠] . هەڵبەت خوێنەریش کاتێک هەوڵی دۆزینەوەی واتا و شیکردنەوەی کۆد و ڕەمزی دەقەکە دەدات ئەوا ئەم واتایە لەو بونیاد و سیستەم و پێوەندییە ناوەخۆییەی زمانی دەقەکەوە وەردەگرێت، نەک لەو زانیارییانەی لە دەرەوەی دەقەوە دەستی دەکەون یان لە مێشکی چەکەرەی کردووە، کە ئەمەش یەکێکیترە لە هێلە گشتییەکانی ئەم مێتۆدە ڕەخنەییە کە دوور لە ژیانی نووسەر و لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی و سەردەم و ژینگەی سەرهەڵدان و هەست و هەڵچوونەکان مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات و ((بەرهەمی ئەدەبی... دەکاتە فۆرمێکی خاڵیکراو لە هموو دەلالەتەکانی جڤاکی و سایکۆلۆژی و مێژوویی، ئەمەش لەپێناو گەیشتن بەو یاسا (فۆرمییانەی) کە پێوەندی نێوان ڕەگەزەکانی بونیادی بەرهەمەکە دەستنیشان دەکەن))[٤١] ، لە توێژینەوەی دەقدا گرنگی بەمانە نادرێن، چونکە ئەم زانیارییانە لە دەرەوەی بونیاد و سیستەمی ناوەوەی دەقن. چونکە ((بەرهەمی ئەدەبی بریتیە لە بەرهەمێکی زمانی، و زمانیش بە کەرەستە و فۆرم و سیستەمییەوە پاشماوەیەکی گەلەکییە، بۆیە بەکارهێنانی ئەو زمانە لە بونیادی دەقدا دەق دەکات بە پێکهاتەیەک لە هێما زمانییە ئامادەبووەکان وەک ئەوەی بەرهەمی ئەدەبی خۆی خۆی دەنووسێتەوە))[٤٢] . هەموو ئەو هێما زمانیی و ڕەگەزانەی نێو دەق لە تۆڕێک پێوەندی دان کە بونیادە سەرەکییەکەی دەقەکەیان پێکهێناوە و سیستەم و یاسای تایبەت ئەو پێوەندیە بەڕێوەدەبەن. بۆیە دەق بەلایە بونیادگەری فۆرمایزمییەوە سنور و سیستەم و بونیادی تایبەت بەخۆی هەیە و هەر هێما و دەستەواژەیەکی نێو دەق بوونەکەی لە پێوەندی لەگەڵ هێما و دەستەواژەکانیتردا دەردەکەوێت ((دەقی ئەدەبی جیهانێکی داخراوە، بوونێکی تایبەتی هەیە، بونیادێکی وای هەیە کە بریتییە لەو پێوەندییە وردانەی لەنێوان هەموو بەشەکانیدا هەیە، و هەر دەستەواژەیەک لەم پێوەندییەدا دیاری ناکرێت مەگەر بەهۆی پێوەندییەوە نەبێت بەوانیترەوە، و ئەم بونیادەیە وای لە ئەدەب کردووە ئەدەب بێت، وا دەکات کە چیرۆک چیرۆک، و ڕۆمان ڕۆمان و شیعریش شیعر بێت))[٤٣] . هەر بۆیە بونیادگەری زیاتر بەتەنگ دۆزینەوە و ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ئەم بونیادە گشتییەی دەقەکەوەیە، نەک گەڕان بەدوای فرەواتایی و دۆزینەوەی مەدلوولی جۆراوجۆر بۆ دالەکان لەنێو سیاقی دەقەکە و ڕاڤەکردن و بڕیار لەسەردانی دەق و هەڵسەنگاندنی نرخ و بەهای دەقەکە و باشی و خراپی دەقەکە ((گەوهەری ڕەخنەی بونیادگەریی شیکردنەوەیە، نەک هەڵسەنگاندن، ئامانجی ئەو ڕەخنەیە ئەوە نیە وەسفی بەرهەمێک بکات بە باش یان بە خراپ، بەڵکو ئامانجە سەرەکیەکەی بریتیە لە پشاندانی چۆنێتی پێکهاتەی دەقی ئەدەبی و ئەو واتایەش کە ڕەگەزەکانی وەریدەگرن کاتێک دەقەکە بەمشێوەیە

[٤٠]- د. مرشد الزبيدي، اتجاهات نقد الشعر العربي في العراق، ص٤٩.

[٤١]- د. فوئاد ڕەشید، بونیادگەری لە ڕۆشنبیری و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، چ١، چابخانەی ئەرابخا، کەرکوک، ٢٠٠٧، ل٢١.

[٤٢]- د. ابراهيم خليل محمود، النقد الادبي الحديث (من المحاكاة الى التفكيك)، ص٩٨.

[٤٣]- د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص١٣٣.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دروست دەبێت))[٤٤] ، کەواتە زیاتر بەتەنگ ئەو هەیکەل و سیستەم و بونیاد و پێوەندییانەوەیە کە کۆنترۆڵی واتایان لەنێو دەقدا کردووە و سروشتی واتا دەستنیشان دەکەن، بۆیە بونیادگەری ((گرنگی بە چۆنێتی بەرهەمهێنانی واتا دەدات نەک واتاکە، دەبێت ئەوەی کە زمان دەیڵێت لەبیر بکرێت، و تەرکیز بخرێتە سەر خودی زمانەکە))[٤٥] . هەر بۆ دۆزینەوەی بونیادی گشتی دەق و سیستەم و یاسا و ئەو پێوەندییانەی بەش و ڕەگەزە جیاوازەکانی دەق لە ئاستە جیاوازەکانەوە بەیەکەوە دەبەستنەوە، هەورەها بۆ دۆزینەوەی تایبەتمەندی و سروشت و ئەدەبییەتی زمانی دەق، بونیادگەری فۆرمالیزمی لە دەق دەکۆڵێتەوە لەڕێگەی ئاستە جیاوازەکانی زمانەوە کە ((بەشێک لە بونیادگەراکان پێشنیازی ڕیزبەندی ئاستەکان بەمشێوەیە دەکەن:

- ئاستی دەنگیی: کە تیایدا توێژینەوە لە دەنگەکان و بەها ڕەمزییەکانیان و پێکهاتە مۆسیقییەکانیان لە ڕیتم و ئیقاع و بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی دەنگدا دەکرێت.
- ئاستی وشەسازی: کە تیایدا توێژینەوە لە یەکەکانی وشەسازی و ئەرک و ڕۆڵیان لە دروستکردنی زمانی ئەدەبی تایبەتدا دەکرێت.
- ئاستی فەرهەنگی: کە تیایدا توێژینەوە لە وشەکان دەکرێت بۆ زانینی تایبەتمەندییە هەستیی و تەجریدی و زیندووەکانیان ئاستی شێوازییان.
- ئاستی سینتاکسی: بۆ توێژینەوەی چۆنێتی دروستبوون و پێکهێنانی ڕستە و تایبەتمەندییە واتایی و ئیستاتیکییەکانیان.
- ئاستی گوتن: بۆ شیکردنەوەی پێکهاتەی ڕستەی ئاڵۆز و فراوان بۆ زانینی تایبەتمەندییە بنەڕەتی و لاوەکییەکیانیان.
- ئاستی واتایی: کە گرنگی بە شیکردنەوەی واتا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان و ئەو وێنانەی پەیوەستن بە سیستەمەکانی دەرەوەی سنوری زمان کە پەیوەستن بە زانستەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و لەنێو زماندا مومارەسەی ئەرکی خۆیان دەکەن لە ئەدەب و شیعردا.
- ئاستی ڕەمزیی: کە تیایدا ئاستەکانی پێشووتر هەڵدەستن بە ڕۆڵی دالێکی نوێ کە مەدلولێکی ئەدەبی نوێ بەرهەم دێنێت کە ئەمەش بەرەو واتای دووەم یان ئەوەی پێیدەوترێت زمان لەنێو زماندا دەمانبات))[٤٦] .

کاتێک ڕەخنەگر کار لەنێو ئەم ئاستانەی نێو دەق دەکات و شییاندەکاتەوە، بونیاد و سیستەم و ئەو تۆڕە پێوەندییەی کە بەش و ڕەگەزەکانی دەقەکەی بەیەکەوە بەستۆتەوە و ئەو یاسایانەش کە ئەم بونیاد و سیستەم و پێوەندییانە بەڕێوە دەبەن دەخاتەڕوو.

[٤٤]- د. فائق مصطفى و د. عبدالرضا علي، في النقد الادبي الحديث (منطلقات وتطبيقات)، ط١، دار الكتب، موصل، ١٩٨٩، ص١٨٣.

[٤٥]- د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث ، ص١٣٥-١٣٦.

[٤٦]- د. فائق مصطفى و د. عبدالرضا علي، في النقد الادبي الحديث (منطلقات وتطبيقات)، ص١٨٣-١٨٤.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

- **شێوازگەریی:**

شێوازگەری بریتیە لە توێژینەوەی شێوازی دەق، یان شێوازی نووسەر. لەماوەی پەرەسەندنیدا چەمکەکەی بە چەند قۆناغێکدا ڕەتبووە، وەک شێوازگەریی نووسەر و شێوازگەری دەق و شێوازگەری خوێنەر، بەگوێرەی هەر یەکێک لەم قۆناغانە چەمک و ئەرکی شێوازگوری گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. شێواز کە کەرەستەی توێژینەوەی شێوازگەرییە، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆڕانکاری بەسەردا دێت و کۆمەڵێک هۆکاریش هەن کاریگەریان بەسەر شێوەگیربوونی شێوازەوە هەیە. بەگشتی دەکرێت بڵێین شێوازی ئەدەبی جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ شێوازی زانستی و شێوازی زمانی ئاسایی هەیە، چونکە ئەم شێوازە گۆڕەپانێکە بۆ هونەر و تەکنیکە ئەدەبی و ڕەوانبێژی و ئیستاتیکییەکان و زمانێکی مێتافۆری تەم و مژاوی و داپۆشراو بە کۆدی ئاڵۆز و نائاشنا بەکاردێنێت، کە لە هەموو ئاستەکانی زماندا دەردەکەون، هەر لە بچوکترین ئاستەوە بۆ گەورەترین ئاستی زمان، بە هەموو ئەمانەش شێوازی ئەدەبی دەق پێکدەهێنن. بۆیە ئەرکی شێوازگەری ئەوەیە کە ((گرنگی بە دۆزینەوەی سیماکانی شێوازی ئەدەبی و نائەدەبی دەدات، لەگەڵ بەربژێرکردنی تایبەتمەندیە جیاکەرەوەکانی، و دەست نیشانکردنی خەسڵەتە تاکییەکانی، و پوختەکردنی بنەما هونەریی و ئیستاتیکییەکانی، و پیشاندانی شوێنەواری هەموو ئەمانە لەسەر وەرگر یان خوێنەر لەڕووی زیهنی و ویژدانی و جوڵەوە))[٤٧] . توێژینەوەی بنەما هونەری و ئیستاتیکییەکانی دەق سەردەکێشێت بۆ مەسەلەی گەڕانەوە بۆ نێو خودی دەق و دەستبەرداربوونی هەموو شتێکی دەرەوەی دەق، چونکە ((خواستەکانی شێوازگەری زۆر فراوانن لە لادانی هەموو ئەو شتانەی لە دەرەوەی دەقن، و تێکۆشا بۆئەوەی مامەڵەیەکی بێ لایەنانە لەگەڵ دەقدا بکات، گرنگی بە سیاقەکانی تری وەک ژیانی دانەر و سیاقی مێژوویی و کۆمەڵایەتی کە دەقەکەی لێوە پەیدابووە))[٤٨] ، بەهەمان شێوەی فۆرمالیزمە ڕوسەکان و ڕەخنەی نوێ و بونیادگەری، شێوازگەریش ئاراستەی گرنگی پێدانی بۆ دەق گەڕاندەوە و لەنێو زمان و لادانەکان لە هەموو ئاستەکانی زمانی ئەدەبیدا کاری خۆی ئەنجامدا. بۆیە شێوازگەری هەوڵیداوە توێژینەوە لە شێواز بکات لە هەموو ئاستەکانی وەک دەنگی و ئاستی پێکهاتەیی (کە وشەسازی و ڕستەسازی دەگرێتەوە) و ئاستی واتایی.

- **ئەو مێتۆدە ڕەخنەییانەی بە دەوری خوێنەردا دەخولێنەوە:**

- **تیۆری وەرگرتن و تیۆری وەڵامدانەوەی خوێنەر:**

ئەم دوو تیۆرە یان ئاراستەیە لە بنەمادا کار لەسەر پرۆسەی خوێندنەوەی دەق و ڕۆڵی خوێنەر دەکەن و لەمەیاندا هاوبەشن، کەچی نیشتیمانی سەرهەڵدانیان جیاوازە و تیۆری وەرگرتن لە ئەڵمانیا لەسەر بناغەیەکی پتەو و لەسەر دەستی (هانز ڕۆبێرت یاوس) و

[٤٧]- د. جميل حمداوي، اتجاهات الاسلوبية، ط١، شبكة الالوكة، ٢٠١٥، ص٧.

[٤٨]- د. موسى سامح ربابعة، الاسلوبية (مفاهيمها وتجلياتها)، ص٧.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(وۆڵفگانگ ئایزەر)ەوە دامەزراوە و بۆچوونەکانی ئەم دووانە بوون بە بناغە و تیۆر و زەمینەی سەرهەڵدانی تیۆری وەرگرتن. کەچی تیۆری وەڵمدانەوەی خوێنەر لە ئەمریکا و لەسەر دەستی کۆمەڵێک ڕەخنەگر و توێژەر سەریهەڵدا کە بێئاگابوون لە یەکتری و چوارچێوەیەک کۆی نەکردوونەتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە بەشێکی بۆچوونەکانیان لە یەکترییەوە نزیکە و گرنگی بە مەسەلەی خوێنەر و خوێندنەوە و ڕاڤەی دەق و وەڵامدانەوەی خوێنەر دەدەن. کەواتە ئەوەی ڕابەرانی تیۆری وەڵامدانەوەی خوێنەر بەیەکەوە کۆدەکاتەوە و دەبێتە خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا مەسەلەی گرنگیدانە بە (خوێنەر) و (پرۆسەی خوێندنەوە)ی دەقی ئەدەبی، بە هەمان شێوەی تیۆری وەرگرتن کە ئەمە خاڵێکی هاوبەشە لەنێوان هەردوو تیۆرەکەدا.

لە تیۆری وەرگرتندا بەتایبەتیش لە ئیستاتیکای وەرگراتنی (هانز رۆبێرت یاوس)دا ((خوێنەر ئامانجە لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا و ئەم بەرهەمە هیچ بەهایەکی نیە تەنیا لەمیانی خوێندنەوەدا نەبێت. چونکە خوێندنەوە بە بەدیهێنانی کارلێکی نێوان خوێنەر و کەرەستەی دەقی نووسراو ژیان بە پیت و وشە مردووەکانی دەدات))[٤٩] . کەواتە خوێنەر ئامانجی سەرەکی ئەم ڕەخنەیەیە و لە ڕێگەی پرۆسەی خوێندنەوەوە تێکەڵی جیاهانی دەق دەبێت و لەگەڵیدا لە کارلێکێکی بەردەوامدا دەبێت. خوێندنەوە هۆکارێکە بەهۆیەوە خوێنەر پێوەندی لەگەڵ دەقدا دەبەستێت و ((بریتیە لە کردنەوەی گفتوگۆی کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر و خوێنەر دەتوانێت دەق بناسێت، و گەنجینە و شاراوە و نهێنی و سروشتی پێوەندییەکانی بدۆزێتەوە))[٥٠] . هەڵبەت مادام مەسەلەی پرۆسەی خوێندنەوە و چەمکی خوێنەر هاتە نێو باسەکەوە، دەبێت ئەوەش بزانین کە خوێنەر لەتوانایدا هەیە چەندین خوێندنەوە بۆ دەق بکات و واتای جیاوازی لێهەڵێنجێت، چونکە خودی دەق ڕێگەی ئەم جۆراوجۆری خوێندنەوە بە خوێنەر دەدات ((دەقی ئەدەبی، لە سروشتە خوازەییەکەیدا، دەقێکی کراوەیە و ڕێگە بە جۆراوجۆری خوێندنەوەکان دەدات، و ئەم جۆراوجۆریەشە کە دەقەکە بەپیت و دەوڵەمەند دەکات و لەم مەسەلەیەشدا تیۆری وەرگرتن و هەڵوەشاندنەوەگەرایی بەیەک دەگەن))[٥١] . بۆیە دەبینین کردەی وەرگرتن لەلایەن خوێنەرەوە ((کردەیەکی نارێک یان خودی پاک نیە، بەڵکو یەکگرتنە لەنێوان دەق و خوێنەر و توانا رۆشنبیری و ئایدیۆلۆجییەکانی))[٥٢] . چەنکە خوێنەر لە مەسەلەی خوێندنەوەی دەقدا سەرچاوەی تایبەتی هەیە بۆ گەڕان بەدوای واتاکانی دەق، خوێنەر ((پێویست نیە دەق لە چوارچێوە مێژووییەکەیدا بخوێنێتەوە، خوێنەر سەرچاوەی خۆی هەیە کە یارمەتی دەدات لە دروستکردنی واتای ئەدەبی بۆ دەق. لەم ڕوانگەیەوە ئایزەر Iser کە یەکێکە لە ڕابەرانی تیۆری وەرگرتن دەڵێت: بەرهەمی ئەدەبی لە میانی خوێندنەوەوە دروست دەبێت، گەوهەر و واتاکەی

[٤٩]- د. ابراهيم خليل محمود، النقد الادبي الحديث (من المحاكاة الى التفكيك)، ص١٢٠.

[٥٠]- منتظر عبدالخضر ساجت، اتجاهات نقد النص الشعري في مجلة الاقلام (١٩٩٠-٢٠١٠)، رسالة ماجستير، جامعة البصرة، كلية التربية، قسم اللغة العربية، ٢٠١٢، ص١٢٥.

[٥١]- د. ابراهيم خليل محمود، النقد الادبي الحديث (من المحاكاة الى التفكيك)، ص١٢٠.

[٥٢]- منتظر عبدالخضر ساجت، اتجاهات نقد النص الشعري في مجلة الاقلام (١٩٩٠-٢٠١٠)، ص١٢٥.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەدایکبووی دەقەکە نین بەقەدەر ئەوەی لەدایکبووی کارلێکی ناوەوەیە لەنێوان بەشەکانی دەق و بۆچوونەکانی خوێنەر. ئەمەش واتای ئەوەیە کە بەرهەمی ئەدەبی ڕەمز و دەلالەت و ئیحای تێدایە و دەتوانێت چالاکی داهێنان لای خوێنەر بوروژێنێت کە یەکسانە بە هەمان ئەو چالاکیەی لای نووسەرەکە وروژاندوویەتی))[٥٣] ، کەواتە خوێنەر لە تیۆری وەرگرتندا هەمان پایەی نووسەر و داهێنەری دەقی هەیە و ئەویش داهێنەری دەقە، چونکە خوێنەر واتا لەنێو دەقدا بونیاد دەنێت بۆیە بە داهێنری دەقیش ناسراوە ((خوێنەریش داهێنەری دەقە و بگرە (جول لومیتەر) بۆ ئەوە چووە کە بڵێت پێوەندی نێوان داهێنەر و خوێنەر بریتیە لە پێوەندی یەکبوون و تێکەڵبوون لەڕێگەی دەقی داهێنراوەوە))[٥٤] . کاتێکیش خوێنەر بەنێو هەناوی دەقدا شۆڕدەبێتەوە و کردەی خوێندنەوەکی ئەنجام دەدات و هەوڵدەدات ئازادانە مامەڵ بکات، ئەمە تێڕوانینێکی ترسناک دروست دەکات، چونکە خوێنەرەکان و چۆنێتی تێڕوانینیان و چۆنێتی خوێندنەوەیان بۆ دەق جیاوازە ((لە کردەی خوێندنەوەدا ڕووبەڕووی مەترسی دەبینەوە، چونکە ئێمە دەسەڵات بە خوێنەر دەدەین لەسەر دەق و ئەو بە بەهای یەکەم دێت، ئەمەش لەوانەیە کێشەمان بۆ دروست بکات لەکاتی خوێندنەوە بۆ دەقەکان چونکە لەوانەیە خوێنەرەکان بۆ ئەم ڕۆڵە گونجاو نەبن، ئیتر چۆن دەتوانین پارێزگاری لە دەق بکەین لە ونبوون و فەوتان و قوربانی ئەو توندڕەویەی بەهۆی کردنەوەی دەرگای ئازادی خوێندنەوەوە ڕووبەڕووی دەق دەبێتەوە؟ بۆیە پارێزگاری ڕاستەقینەی دەق بریتیە لە (سیاق). زانیاری تەواو لەسەر سیاق مەرجێکی بنەڕەتی خوێندنەوەی ڕاستەقینە، ناکرێت بە دروست وەربگرین، بەڵکو دەبێت ئەم خوێندنەوەیە لە بنەمای سیاقەوە دەستی پێکردبێت، چونکە دەق دروستبووی سیاقە و لە کردەی وەرگرتنی بەردەوام لە کۆگای زماندا پەرەدەسەنێت، تا لەنێو خۆیدا کۆدێکی تایبەت بەخۆی دابمەزرێنێت کە وەکو دەق جیای بکاتەوە، بەڵام بوونەکەی لە سیاقی ژانرە ئەدەبییەکەیەوە وەردەگرێت. خوێنەریش ئازادە لە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی ئەم کۆدە بەڵام دەبێت وابەستەی چەمکەکانی سیاق بێت، بۆ نموونە نابێت کۆدی شیعریی بە چەمکەکانی سیاقیی ڕۆمان ڕاڤەبکرێت))[٥٥] ، لەبەرئەوەی هەر دەقێک سیاقی ناوەوەی تایبەت بەخۆی هەیە و پێویستە کردەی خوێندنەوەکان لەم سیاقانە تێپەڕ نەکات و کردەی ڕاڤەکردن لە ئاقاری ئەم سیاقانەوە بێت. ئەگینا خوێنەر دەکەوێتە هەڵەوە و ناتوانێت خوێندنەوەی دروست بۆ دەق بکات و واتای نوێ بونیاد بنێت.

- **سیمیۆلۆجیا:**

سیمیۆلۆژیا بەواتای زانستی نیشانە و هێماکان دێت، واتا ئەو زانستەیە کە توێژینەوە لە نیشانە و هێما زمانی و نازمانییەکان دەکات. دەکرێت بڵێین لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سیمیۆلۆجیا لە پەرەسەندنی سێ ئاراستەی جیادا سەریهەڵدا و وردە وردە پەرەیسەند ((ئەو مۆرکە زانستییە

---

[٥٣]- د. ابراهيم خليل محمود، النقد الادبي الحديث (من المحاكاة الى التفكيك)، ص١٢٠-١٢١.

[٥٤]- د. محمود درابسة، رؤى نقدية (دراسات في القديم والحديث)، ص١٠٠.

[٥٥]- د. عبدالله محمد الغزامي، الخطيئة والتكفير، منشورات النادى الادبى الپقافى، جده، ١٩٨٥، ص٨٠.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

نوێ و دیارەی کە ئەم بابەتە وەریگرتووە، وەک بوارێک لە بوارەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، خۆی دەبینێتەوە لە بەیەکگەیشتنی سێ لەم بوارانە: یەکەمیان بریتیە لە پراگماتیزم Pragmatism کە کارەکانی فەیلەسوفی ئەمریکی (پێرس Peirce)ی پێ ناسراوە، دووەمیان بریتیە لە دیاردەگەرایی کە بە ناوی (هوسرەل)ەوە پەیوەستە، سێیەمیان بریتیە لە بونیادگەری کە پشتی بە بابەتەکانی (سۆسێر) لە زمانەوانییەوە بەستووە))[٥٦] . بە کاریگەری و کاردانەوەی ئەم ئاراستانە سیمیۆلۆجیا سەریهەڵدا، هەرچەندە پشکی شێر بۆ (سۆسێر) دەگەڕێتەوە، چونکە یەکەم کەس بووە کە موژدەی سەرهەڵدانی ئەم زانستەی داوە و پێیوابووە کە زمانەوانیش لقێکە لە سیمیۆلۆجیا.

سیمیۆلۆجیا کە زانستی هێماکانە و لە هێماکان دەکۆڵێتەوە، زیاتر تەرکیز دەخاتە سەر سێ جۆر، ئەوانیش ((١- ئیندێکس Index: پێوەندی نێوان دال و مەدلوول تێیدا هۆکارییە (Causal) بۆ نموونە دوکەڵ نیشانەی ئاگرە، لێدانی دەرگا نیشانەی ئەوەیە کەسێک لای دەرگاکەیە.

٢- ئایکۆن Icon: پێوەندی تێیدا لەسەر بنەمای لێکچوونە، وێنە لێکچووی وێنە بۆ کێشراوەکەیە، پەیکەر لێکچووی داتاشراوەکەیە.

٣- هێما Sign: یان ڕەمز لە زمانی (پێرس)دا (سۆسێر زاراوەی هێما بەباشتر دەزانێت) پێوەندی تێیدا لەخۆوەیە))[٥٧] . ئەوەی زیاتر گرنگ بێت ئەوا هێمایە، کە پێکهاتووە لە (دال) و (مەدلوول) و بەگوێرەی (سۆسێر) پێوەندی نێوانیان پێوەندییەکی لەخۆوەیە و کۆمەڵگا لەسەر سروشت و جۆری ئەم پێوەندییە ڕێککەوتووە.

توێژینەوە لە هێماکان لە کارەکانی دوو لە بەناوبانگترین دامەزرێنەرانی ئەم زانستەوە دەردەکەوێت، بۆیە دەبینین سروشتی توێژینەوە لە هێماکان بە دوو ئاراستەی جیاوازدا تێپەڕبوون ((یەکەمیان بریتیە لە توێژینەوە لە چییەتی هێما و دەستنیشانکردنی پێکهاتە و مەرجەکانی، کە (پێرس) لەم بوارەدا کاریکردووە. دووەمیان بریتیە لە توێژینەوە لە ئەرکی هێما لە بواری گەیاندنی زانیاریدا، توێژینەوەکانی (سۆسێر) زیاتر لەم بوارەدا دەدوێن))[٥٨] . کەواتە تێڕوانینی هەریەکە لە (سۆسێر و پێرس) بۆ چەمک و سروشت و چییەتی و چۆنییەتی و ئەرک و سیستەم و پێوەندی و جۆری هێماکان جیاوازە.

سیمیۆلۆجیا یەکێکە لەو میتۆدە ڕەخنەییانەی گرنگی بە مەسەلەی خوێندنەوەی دەق و چۆنێتی گەیشتن بە پێوەندی نێوان دال و مەلوول دەدات، بۆیە دەبینین ((بنەمای سیمیۆلۆژیا بۆ تێگەیشتنی چالاکی خوێندنەوە لە تێگەیشتنی سروشتی پێوەندی نێوان دال Signifier و مەدلوول Signified و بەتایبەتیش لەنێوان دوانەی (ئامادەبوو/ئامادەنەبوو)دا هەڵدەقولێت، دال بریتیە لە وێنەی دەنگیی (و لە حاڵەتی نوسیندا وێنەی خەتیە) کە حاڵەتی ئامادەبووە لە دەقدا، لە

---

[٥٦]- د. محمد عناني، المصطلحات الادبية الحديثة، ص١٥٤.

[٥٧]- د. عبدالله محمد الغزامي، الخطيئة والتكفير، ص٤٦.

[٥٨]- د. محمد عبدالمطلب، ذاكرة النقد الادبي، ط٢، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٨، ص٨١.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کاتێکدا مەدلول، کە وێنایەکی زیهنییە حاڵەتی ئامادەنەبووە))[٥٩] . خوێنەری دەق دەبێت بەدوای پێوەندی نێوان دال و مەدلوولەوە بێت و هەوڵبدات واتای دەقەکەی دەستکەوێت، هەڵبەت ئەمەش پێوەندی بە ئامادەبوون و ئامادەنەبوونەوە هەیە، کە خۆی لە دوانەی دال و مەلولەوە دەبینێتەوە، چونکە لەنێو دەقدا دالەکان بوونیان هەیە، کەچی مەدلوولەکان لەنێو دەقدا بوونیان نیە و ئەرکی خوێنەرە بەدوایاندا بگەڕێت و بیاندۆزێتەوە. ئەمەش پێویستی بەوەیە کە خوێنەر بچێتە نێو قوڵایی دەقەکەوە بۆیە ((خوێندنەوەی شیعر نابێت تەنیا بە خوێندنەوەی ئاستی دەرەکی (دال) بێت، بەڵکو دەبێت لە ئاستە قوڵەکە (مەدلوول)دا بگەڕێ، تا بیگەیەنێتە واتا))[٦٠] . چونکە خوێنەر تا نەچێتە قوڵایی دەق و لەنێو دەریای مەدلوولەکاندا مەلە نەکات و خوێندنەوەیەکی دروستیان بۆ نەکات، هەرگیز ناتوانێت کۆدی دەق بکاتەوە و بە واتای دەق بگات. چونکە دەق بریتیە لە کۆمەڵێک نیشانە و هێما و خوێنەر بەهۆی ئەم هێمایانەوە بە ئاستە قوڵەکەی دەق دەگات و بەدوای مەدلوولە جیاوازەکانی دالدا دەگەڕێت و ڕاڤەیان دەکات، لەمەشەوە دەق چەندین واتای جیاواز هەڵدەگرێت ((ئەمەش تەنیا بەوە دێتەدی کاتێک یەکبوونێک لەنێوان ئازادکردنی دەقەکە و ئازادکردنی خەیاڵی خوێنەردا هەبێت. ئەمانە وا لە دەق دەکەن کە جۆراوجۆر بێت و توانای بەرهەمهێمانی واتای هەبێت. لێرەوە گرنگیدانی سیمیۆلۆجیا بە وەرگر گرنگیدانێکی فراوان بوو تەنانەت (میشێل ڕیڤاتێر) پەرەی بە ڕێگایەکی سیمیۆلۆجی تایبەت بە خوێندنەوە دا و دوو جۆری خوێندنەوەی لێهەڵێنجا، یەکێکیان: پشکنینی و ئەویتریان گەڕانەوەیی))[٦١] . هەر جۆرێکیش لەم جۆرانەی خوێندنەوە ئاستێک لە نهێنییەکانی دەق پیشان دەدەن. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە لە پرۆسەی خوێندنەوەی دەق و شیکردنەوە و ڕاڤەی هێماکانی نێو دەق هیچ دالێک نەبەستراوەتەوە بە مەدلوولێکی دیاریکراوەوە، واتە خوێنەر بۆی نیە بەزۆر مەدلوولێک یان چەند مەدلوولێک بۆ دال دەستنیشان بکات و بەیەریدا بسەپێنێت و بەهانەی ئەوەی هەبێت کە لە خوێندنەوەی دەق و کردنەوەی کۆدەکاندا ئازادی پێدراوە و بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی ڕاڤەی دال و مەدلوولەکان بکات، ئەمە شتێکە دوورە لە شیکردنەوەی سیمیۆلۆجیانەی دەق، بەڵکو هەر هێمایەک لە پێوەندی لەگەڵ هێماکانی تری نێو دەق و لەو سیاقەی کە تێیدا بەکارهێنراوە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت و واتا وەردەگرێت.

- **هەڵوەشاندنەوەگەرایی:**

ڕابەری هەڵوەشاندنەوەگەرایی (جاک دریدا)ی نووسەر و فەیلەسوفی فەرەنسیە، ڕاڤە و خوێندنەوەی بۆ زۆرێک لە بەرهەمە کۆن و نوێیەکانی فەیلەسوف و نووسەر و بیرمەندانی ڕۆژئاوا کردووە و هەر لە خودی بەرهەمەکانەوە خاڵی لاوازی بەدیکردووە و لەوێوە هێرش دەکاتە سەر ئەو میراتە بەجێماوەی ڕۆژئاواییەکان و پێیوایە کە ڕۆژئاوا بەرامبەر ڕۆژهەڵات خۆی بە سەنتەر هەموو شتە باڵاکان دادەنێت ((ئەم ستراتیژیەتە دەیەوێت خوێندنەوەیەکی

[٥٩]- **فاضل ثامر، الصوت الاخر، ص٢٢٩.**

[٦٠]- **د. بسام قطوس، استراتيجيات القراءة، ص٥٣.**

[٦١]- **د. ابراهيم محمود خليل، النقد الادبي الحديث (من المحاكاة الى التفكيك)، ص١٠٦.**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

گشتی بۆ بیری ڕۆژئاوا بکات و چاوبخشێنێتەوە بەو چەمکانەی کە لەسەری دامەزراوە وەک گوتارێکی میتافیزیکی (وەک ڕاستی و عەقڵ و ناسنامە و ئامادەبوون و بنەچە و .... هتد)، کە گوزارشتە لە ڕەخنەگرتن لە بەسەنتەربوونی ڕەگەزی ڕۆژئاوایی Ethnocentrism کە پاڵپشتە بە کۆمەڵێک بەسەنتەربوونی تر، وەک لۆگۆسێنتریزم Logocentrism و فۆنۆسێنتریز Phonocentrismو فالۆسێنتریزم Phallocentrism. دریدا پێیوایە کە هەڵوەشاندنەوەی ئەم بەسەنتەربووانە بریتیە لە هەڵوەشاندنەوەی بنەمای ئۆنتۆ – تیۆلۆجی میتافیزیکا))[٦٢] . بۆیە دەبینین هەڵوەشاندنەوەگەرایی هەموو ئەو میراتە فەلسەفی و زمانیی و ئەدەبی و ڕەخنەییانە هەڵدەوەشێنێتەوە و سەرلەنوێ خوێندنەوەی نوێیان بۆ دەکات، بەڵام ئەم خوێندنەوانەش کۆتایی نین، بەڵکو بەشوێنیاندا خوێندنەوەی تر دێن و ئەمانەی پێش خۆیان هەڵدەوەشێننەوە، بۆیە هەڵوەشاندنەوەگەرایی لەو دەرچەوە پەلدەهاوێژێت کە گوتارە جۆراوجۆرەکان بەردەوام خوێندنەوەی بێ کۆتاییان بۆ دەکرێت و بەردەوام بەرگی خۆیان بەجۆرێک لە جۆرەکان دەگۆڕن.

هەڵوەشاندنەوەگەرایی مێتۆد و تیۆر و ڕێباز نیە، بەقەد ئەوەی ستراتیژیەتێکە بۆ خوێندنەوەی گوتار ((هەڵوەشاندنەوەگەرایی مێتۆد نیە، هەروەک تیۆرێکیش نەی لەبارەی ئەدەبەوە، بەڵکو ستراتیژیەتێکی خوێندنەوەیە بۆ خوێندنەوەی گوتارە فەلسەفی و ئەدەبی و ڕەخنەییەکان، لەڕێگەی شۆڕبوونەوە بۆ نێو ئەو گوتارانە، و هەڵوەشاندنەوەیان لەنێوەخۆیاندا، لەڕێگەی ئاراستەکردنی پرسیار لەناوەوەدا))[٦٣] . هەر زوو ئەم ستراتیژیەتەی (دریدا) لە خوێندنەوە و ڕاڤە و ڕەخنەگرتن و هەڵوەشاندنەوەی گوتارە جۆربەجۆرەکان بۆ نێو ئەدەب پەڕییەوە، ئەوەتا (دریدا) خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە پێش گرنگیدانم بە گوتارە فەلسەفییەکان بیرۆکەی ئەوەم هەبوو کە بەرەو ئەدەب هەنگاو بنێم، ئەمەش لەلایەن (بییر زیما)شەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە و دەڵێت: ((هەڵوەشاندنەوەگەرایی فرەنسی، کە بنچینەی یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی – چەمکی پەرتکردن Disemination- دەگەڕێتەوە بۆ (مالارمێ)، بەرەو دەقی ئەدەبی – شیعریی هەنگاودەنێت. (دریدا) خۆی ئاماژەی بەوە داوە کاتێک شرۆڤەی قۆناغبەندی یەکەمی پەرەسەندنە فیکرییەکەی خۆی دەکات، کە دەڵێت: گرنگیدانی بەردەوامم، پێش گرنگیدان بە فەلسەفە، ئەگەر ئەم کارە بکرێت، بەرەو ئەدەب هەنگاوی دەنا، بەرەو نووسینێک کە پێیدەوترێت ئەدەب))[٦٤] . ئەدەب بەتایبەتیش (شیعر) ژینگەیەکی لەبارە بۆئەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی یارییەکانی خۆی تێدا ئەنجامبدات و لەپەنای چەمک و زاراوەکانییەوە بە نێو هەناوی دەقی ئەدەبی شۆڕبێتەوە و بونیاد و سیستەم و پێوەندییەکانی لەبارێک هەڵوەشێنێتەوە و سەرلەنوێ بە خوێندنەوەیەکی نوێوە بونیادی بنێتەوە، ئەم کردەیەش بەردەوام دەبێت و کۆتایی نیە، لە ئەنجامیشدا فرەواتایی دەق سەرهەڵدەدات. بە بڕوای (دریدا)

[٦٢]- جاك دريدا، استراتيجية تفكيك الميتافيزيقيا، ترجمة: د. عزالدين الجنابي، افريقيا الشرق، المغرب، ٢٠١٣.ص٦.

[٦٣]- د. بسام قطوس، استراتيجيات القراءة (التأصيل والاجراء النقدي)، ص١٧.

[٦٤]- بيير زيما، التفكيكية، ترجمة: اسامة الحاج، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٦، ص٥.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەق یەک واتای نییە، بگرە فرەواتایە و لە ئەنجامی خوێندنەوە بەردەوامەکانی دەقەوە ئێمە بەم واتا جیاوازانە دەگەین، هەڵبەت ئەمەش پەیوەستە بە خوێنەرە جیاوازەکانەوە، یان خوێندنەوە دەق لە سەردەمە جیاوازەکانەوە، کە ئەمەش خوێندنەوەیکی نابابەتی دێنێتە ئاراوە ((زۆربەی دەرهاویشتەکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی تەئکید لەسەر نەبوون و بەدیهاتنی خوێندنەوەیەکی بابەتی دەکەن چونکە خوێندنەوە بریتیە لە ئەزمونی کەسی))[٦٥] ، کەواتە خوێندنەوەی گوتاری ئەدەبی بەگوێرەی ئەزمون و سەردەمی خوێنەرەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت و تەنانەت واتاکانیش دەگۆڕێن. لێرەوە ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی نرخی بۆ دەق و ڕۆڵی داهێنەرانەی خوێنەر گەڕاندەوە ((بوارێکی تەواوی دا بە تەرکیزکردنە سەر دەق، و لە هەمان کاتیشدا دەرگای خۆی بۆ ڕۆڵی داهێنەرانەی خوێنەر کردەوە. لێرەوە دەق بەها هونەرییە ڕەهاکەی خۆی پاراست و خوێنەریش لە بەکارهێنەری ئەدەبەوە بوو بە دروستکەر و بەرهەمهێنەری ئەدەب، هەروەک (دی مان) دەڵێت ... خوێنەر تەرکیز دەخاتە سەر پشتبەستن بە ڕاڤەکردن بەشێوەیەکی ڕەها بەسەر دەقدا، هەروەک چۆن دەقیش بەشێوەیەکی ڕەها پشت بە ڕاڤەکردن دەبەستێت، و بەمەش مافی تەواوی دەق و مافی خوێنەر دەدەین وەکو دوو هۆکار کە پابەندی ئامادەبوونن لە ئەزمونی ئەدەبیدا))[٦٦] . هەموو ئەمانەش تەنیا لە بەها هونەرییەکەی دەق دایە و دەق لەنێو هەناوی خۆیدا هەڵیگرتووە و پێویستی بە خوێنەرە تا بەنێو دەریای مەدلوولەکانی دەقدا مەلە بکات و واتا ڕاستەقینەکان بدۆزێتەوە، چونکە ((خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەراییانە خوێندنەوەیەکی دووانەییە یەکەمجار هەوڵی توێژینەوەیەکی تەقلیدی دەق دەدات بۆ سەلماندنی واتا ڕاشکاوەکەی، پاشان لە خوێندنەوەیەکی پێچەوانەدا هەوڵی سەراوگێڕکردنی ئەو ئەنجامە دەدات کە بەهۆی ئەو واتایانەی لە دەقەکەدا هەیە و دژیەکە لەگەڵ ئەوەی بە ڕاشکاوانە دەیڵێت. ئامانج لەم خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەراییە بریتیە لە دۆزینەوەی درزێک لەنێوان ئەوەی دەق بەڕاشکاوانە دەیڵێت و ئەوەی دەیشارێتەوە))[٦٧] . ئەم خوێندنەوەییە وا لە خوێنەر دەکات بەدوای واتا ئامادەنەبووەکاندا بگەڕێت و ئەو واتا شاراوانە ڕاشکاوانە بڵێت کە دەق لە هەناوی خۆیدا هەڵیگرتووە. ئەمەش (( پێویستی بە خوێنەری خاوەن توانای بەرز هەیە کە بتوانێت مامەڵە لەگەڵ کۆدە زمانییەکان بکات کە بەهۆیەوە واتای دەقەکە چارەسەر دەکات))[٦٨] ، چونکە هەموو خوێنەرێک ئەو توانایەی نیە کۆدە زمانییەکان بکاتەوە و واتا شاراوەکانی دەق ئاشکرا بکات و خوێندنەوەیەکی نوێتر بۆ دەقەکە بکات کە جیابێت لە خوێندنەوەکانی پێشووتر و دەرەنجامی نوێی لێوەدەست هاتبێت. لەمەشیاندا زیاتر تەرکیز دەخرێتە سەر دوانە لێکدژەکان و ئەو درز و کەلێنانەی لە دەقدا هەیە و ئەو گومانانەش کە هەڵوەشاندنەوەگەرایی لەڕێگەی

[٦٥] - فاضل ثامر، الصوت الاخر، ص٢٣٢.

[٦٦] - د. عبدالله محمد الغذامي، الخطيئة والتكفير، ص٨٦.

[٦٧] - د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي، دليل الناقد الادبي، ص١٠٨.

[٦٨] - د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص١٨٧.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پرسیارکردنەوە لە هەناوی دەقدا دروستی دەکات، ئەمە لەپاڵ گەڕان و مەلەکردن لەنێو واتا جیاواز و شاراوەکان بەهۆی دال و مەدلوولە جیاوازەکانەوە.

- **هێرمنیۆتیکا**:

هێرمنیۆتیکا لە سەرەتای پەرەسەندنیەوە ژینگەیەکی دیار و لەباری نەبووە و وەکو مێتۆدەکانی تر نیە کە ژینگە و دەوروبەرێکی تایبەت بەخۆی هەبێت ((هێرمنیۆتیکا بە درێژایی مێژووەکەی ژینگەیەکی تایبەت بەخۆی نییە بەڵکو بەدوای واتا و تێگەیشتن لە واتاوە بووە))[٦٩] . لە سەرەتادا بۆ ڕاڤەو لێکدانەوەی کتێبە ئایینیەکان بەکارهاتووە، جگە لەمەش بۆ ڕاڤە و لێکدانەوەی خەون و گوزارشتەکان بەکارهاتووە. یەکێک لە واتاکانی ئەم وشەیە ((دەرخستن و ئاشکراکردنی تەم و مژی یان شاراوە یان دواڕۆژ یان هەواڵدان oracle/prophecy لە واتا ڕەسەنەکانی ئەم وشەیەن، کۆنەکان هانایان بۆ ڕاڤەکردن بردووە بۆ زانینی واتای خەونەکان (لێکدانەوەی فەرموودەکان) واتا گوزارشتکردن لە خەون))[٧٠] . بەگشتی چەمکی ئەم زاراوەیە بریتیە لە هونەرەکانی ڕاڤەکردن و لێکدانەوە و دۆزینەوەی واتا نادیار و شاراوەکان و ڕوونکردنەوەی تەم و مژی ((واتای وردی ئەم وشەیە بریتیە لە هونەری ڕاڤەکردنی دەقەکان Interpretation (واتا دیاریکردنی واتاکانی) بەتایبەت لەمیانی کۆمەڵێک یاسا rules و تەکنیکی هونەری techniquesی جێگیر، وەکو یاسا ڕێزمانی و بنەما بونیادیە ڕەوانبێژییەکانی تایبەت بە هەر زمانێک، لە پاڵ بوونی تیۆری ئەدەبی یان یاسایی یان ئایینی کە تەحەککوم بە ڕێڕەوی لێکدانەوەکە دەکات))[٧١] . کەوایە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی واتاکانیش کردەیەکی هەرەمەکی و بێ پلان نییە، بگرە ئەمە لەژێر باری دەستور و یاسا و تەکنیکە ئەدەبی و زمانییەکانەوە ئەنجامدەدرێت. هێرمنیۆتیکا پێوەندیەکی بەهێزی بە ڕەخنەی ئەدەبییەوە هەیە، چونکە ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ و مێتۆدە ڕەخنەییە هاوچەرخەکان بەدوای مانای دەق و ڕاڤە و لێکدانەوەی واتا شاراوە و تەم و مژەکانی دەقە ئەدەبییەکانەوە بوون و ئەم ئەرکەش ئەرکی هێرمنیۆتیکایە، بەتایبەت دوای ئەوەی زمان و واتا بوونە بابەتی سەرەکی فەلسەفە و ڕەخنەی ئەدەبی، لێرەوە گرنگیدان بە مەسەلەی تیۆری هێرمنیۆتیکا پێوەندی بە دەقی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی سەریهەڵدایەوە ((گرنگیدان بە تیۆری هێرمنیۆتیکا لە پەنجاو شەستەکانەوە دەستپێکردەوە بەهۆی گرنگیدانی فەلسەفە بە کێشەکانی واتا و زمان و ئاوڕدانەوەی ڕەخنەی ئەدەبی لە چەمکی دەقی ئەدەبی بەوەی کە کەرەستەیەکی زمانییە و ئەرکی سەرەکی ڕەخنە بریتیە لە لێکدانەوەی واتای دەستەواژە و پێوەندییەکانی))[٧٢] . مەسەلەی گرنگیدان بە واتا و ڕاڤە و لێکدانەوەی واتای دەق و گەڕان بەدوای نهێنی و شاراوەکانی نێو دەق لە هێرمنیۆتیکاوە سەر دەکێشێت بۆ مەسەلەی پرۆسەی خوێندنەوەی دەق و ئەرکی خوێنەر لەم نێوەندەدا، هەربۆیە

---

[٦٩]- د. میجان الرويلي و د. سعد البازعي، دليل الناقد الادبي، ص٩٣.

[٧٠]- د. محمد عناني، المصطلحات الادبية الحديثة، ص١١٤.

[٧١]- سەرچاوەی پێشوو، ص١١٢.

[٧٢]- د. میجان الرويلي و د. سعد البازعي، دليل الناقد الادبي، ص٨٩.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هێرمنیۆتیکای کۆن بۆ گرنگی بە نووسەری دەق دەدا وەکو سەرچاوەیەک بۆ واتا، کەچی هێرمنیۆتیکای نوێ دەستبەرداری ئەمە بوو و هەنگاوینا بەرەو و دەق و خوێنەر ((هێرمنیۆتیکا تەرکیزی خستە سەر دانەر وەکو سەرچاوەیەک بۆ واتا، ئەمە ئەوەیە کە ڕەخنەگرە تەقلیدییەکان (بە ڕابەرانی ڕەخنەی نوێشەوە) و فەیلەسوفانی زمان ئەوانەی پاڵپشتی پاش بونیادگەری نەبوون پشتگیری ئەمەیان کرد. کەچی گریمانەی تەحەککوم کردنی بە واتا لەلایەن دانەرەوە تووشی هەڵوەستەیەکی توند بووە (لای هیرش و گادامێر) کە بناغەی واتایان لەسەر دەق یان خوێنەر یان هەردووکیان پێکەوە دامەزراند، و ڕۆڵی دانەریان فەرامۆشکرد. ئەم ئاراستەیە لای زۆربەی پێڕەوکارانی تیۆرە نوێیەکان دەبینین کە بانگەشەی فەرامۆشکردن و نەهێشتنی دانەریان دەکرد وەک تیۆری پێشوازی و هەڵوەشاندنەوەگەرایی و ئەوانیتر. ئەم ئاراستانە ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە دەق یان واتاکەی پەیوەست بکرێت بە دانەر یان مەبەستەکەی، هەروەها چەمکی واتای دیاریکراو و لێکدانەوەی دروست ڕەتدەکەنەوە، بانگەشەی نادیاریکراوی واتا یان هەرهیچ نەبێ ڕێژەیی واتا و پشت بەستنی خوێنەر بە مێتۆدییەت یان ستراتیژیەتی لێکدانەوە و ڕاڤە دەکەن))[٧٣] . لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هێرنیۆتیکاش وەکو مێتۆد و ستراتیژیەتێک گرنگییەکی زۆر بە خوێنەر و پرۆسەی خوێندنەوەی دەق و ئەو واتا جیاوازانەی کە لە هزری خوێنەردا دروست دەبن لە ئەنجامی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبییەوە دەدات. جگە لەمەش مەسەلەی یەک واتایی و واتای سنوردار و واتای پێشوەخت و دروستی واتا هەموو ئەمانە لە هێرمنیۆتیکادا بایەخێکیان نیە و ڕابەرانی هێرمنیۆتیکا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە واتای دەق بێ سنورە و کۆتایی نایەت، لەگەڵ هەر خوێندنەوە و لێکدانەوەیەکدا واتایەکی نوێ سەرهەڵدەدات.

[٧٣]- سەرچاوەی پێشوو، ص٩٣-٩٤.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ئەنجامی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم سەریانهەڵدا و دەسەڵاتیان بۆ دەق گەڕاندەوە، دوای ئەوەی مێتۆدە ڕەخنەییە تەقلیدییەکان لایەنی هونەریی و ئیستاتیکی و زمان و بونیادی دەقیان فەرامۆش کردبوو، هەر ئەم تیۆرە نوێیانەش بوون ڕۆڵیان لە سەرهەڵدانی مێتۆدە ڕەخنەییە نوێیەکانی وەک (بونیادگەری و شێوازگەری و فۆرمالیزمی ڕووسی و ڕەخنەی نوێ)دا هەبووە.

٢. تیۆرە ڕەخنەییەکانی پاش بونیادگەری کە لە کۆتایی شەیتەکانی سەدەی بیستەمەوە سەریانهەڵدا، دەسەڵاتیان بۆ خوێنەر گەڕاندەوە، دوای ئەوەی مێتۆدە نوێیەکانی ڕەخنە ڕۆڵی خوێنەریان فەرامۆش کردبوو. هەر ئەم تیۆرانەش بوونە هۆی سەرهەڵدانی (هەڵوەشاندنەوەگەرایی و تیۆری وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەر و سیمیۆلۆجیا و هێرمنیۆتیکا).

٣. بەهۆی تیۆرە نوێیەکانەوە دوو ئاراستە لە مێتۆدە ڕەخنەییەکان دروستبوون، ئاراستەیەکیان گرنگیان بە دەق داوە، ئاراستەکەی تریان گرنگی بە خوێنەر داوە.

٤. مەسەلەی فرەواتایی و ڕاڤە و لێکدانەوەی دەق و هەڵێنجانی واتای نوێ لە تیۆرەکانی پاش بونیادگەریدا بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، ئەمە لەپاڵ گرنگیدان بە مەسەلەی خوێنەر و پرۆسەی خوێندنەوە.

٥. گرنگیدان بە بونیادی دەق و سیستەمی ناوەوەی دەق و ئەو پێوەندییانەی ئەم سیستەمە بەڕێوە دەبەن، هەروەها زمان و شێواز و لادان و دژیەکی و هاوڕێکی و هەیکەلی گشتی دەق و ئەدەبییەت و چەندین لایەنی تری پەیوەست بە دەق جێگای بایەخی ئەو مێتۆدانەن کە گرنگی بە دەق دەدەن.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**سەرچاوەكان:**

- **كوردییەكان:**

- د. بەسام **قتوس**، دەروازەیەك بۆ مێتۆدەكانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی: د. محمد تاتانی، چ١، چاپخانەی شد□ان، سلێمانی، ٢٠١٠.
- د. فوئاد ڕەشید، بونیادگەری لە ڕۆشنبیری و ڕەخنەی ئەدەبی كوردیدا، چ١، چابخانەی ئەرابخا، كەركوك، ٢٠٠٧، ل٢١.

- **عەرەبییەكان.**

- **د. ابراهيم محمد خليل، النقد الادبي الحديث (من المحاكاة الي التفكيك)، ط١، دار الميسرة، عمان، ٢٠٠٣.**
- **امال بناصر، اثر الدراسات البنيوية في النقد الادبي الحديث، رسالة دكتوراه، جامعة ابي بكر بلقايد، كلية الاداب واللغات، قسم اللغة العربية وادابها، الجزائر، ٢٠١٤.**
- **د. بسام قطوس، استراتيجيات القراءة (التأصيل والاجراء النقدي)، مؤسسة الحمادة ودار الكندي، اربد، ١٩٩٨.**
- **بيير زيما، التفكيكية، ترجمة: اسامة الحاج، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٦.**
- **جاك دريدا، استراتيجية تفكيك الميتافيزيقيا، ترجمة: د. عزالدين الجنابي، ترجمة: د. عزالدين الخطابي، افريقيا الشرق، المغرب، ٢٠١٣.**
- **د. جميل حمداوى، اتجاهات الاسلوبيه، گ١، شبكه الالوكه، ٢٠١٥.**
- **د. سمير سعيد حجازي، النقد الادبي المعاصر (قضاياه واتجاهاته)، ط١، دار الافاق العربية، القاهرة، ٢٠٠١.**
- **د. شكرى عزيز الماچى، فى نڤريه الادب، دار الحداپه، بيروت، ١٩٨٠.**
- **د. صبري حافظ، افق الخطاب النقدي (دراسات نظرية وقراءات تطبيقية)، ط١، دار شرقيات للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٦.**
- **د. صلاح رزق ، ادبية النص (محاولة التأسيس منهج نقدي عربي) ، دار غريب للطباعة و النشر و التوزيع ، القاهرة ، ٢٠٠٢.**
- **. عبدالله محمد الغڑامى، الخگيئه والتكفير (من البنيويه الى التشريحيه)، منشورات النادى الادبى الپقاڤ، جده، ١٩٨٥.**
- **د. عبدالحميد هيمة، النص الشعري بين النقد السياقي والنقد النسقي، مجلة مقاليد، العدد الثاني، ديسمبر ٢٠١١.**
- **عدنان بن ذريل، النص والاسلوبية (بين النظرية والتطبيق)، اتحاد كتاب العرب، ٢٠٠٠.**
- **د. غازي مختار طليمات، على محك النقد، الجزء الاول، ط١، دار طلاس، دمشق، ٢٠٠٦.**
- **د. فائق مصطفى و د. عبدالرضا علي، في النقد الادبي الحديث (منطلقات وتطبيقات)، ط١، دار الكتب، موصل، ١٩٨٩.**

- فاضل ثامر، الصوت الاخر(الجوهر الحواري للخطاب)، دار الشؤون الثقافية العامة، ١٩٩٢.
- د.. مدحت الجيار ، النص الادبي من منظور اجتماعي ، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر ، الاسكندرية ، ٢٠٠١.
- د. مرشد الزبيدي، اتجاهات نقد الشعر العربي في العراق، اتحاد كتاب العرب، ١٩٩٩.
- د. محمد غنيمي هلال، النقد الادبي الحديث، ط٣، دار نهضة مصر للطبع والنشر، القاهرة، ١٩٧٧.
- د. محمد عبدالحميد، النص الادبي بين اشكالية الاحادية والرؤية التكاملية، ط١، دار الوفاء للطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٤.
- د. محمد عناني، المصطلحات الادبية الحديثة، ط٣، دار نوبار للطباعة، القاهرة، ٢٠٠٣.
- د. محمد عبدالمطلب، ذاكرة النقد الادبي، ط٢، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٨.
- محمد شبل الكومى، المزاهب النقديه الحديپه (مدخل فلسفى)، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة،
- د. محمود درابسة، رؤى نقدية (دراسات في القديم والحديث)، دار جدير للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦.
- د. موسى سامح ربابعه، الاسلوبيه (مفاهيمها وتجلياتها)، گ١، دار الكندى، جامعه الكويت، ٢٠٠٣
- نجيب فايق ئەندراوس، المدخل فى النقد الادبى، مكتبه انجلو المصريه، مصر، ١٩٧.
- منتظر عبدالخضر ساجت، اتجاهات نقد النص الشعري في مجلة الاقلام (١٩٩٠-٢٠١٠)، رسالة ماجستير، جامعة البصرة، كلية التربية، قسم اللغة العربية، ٢٠١٢.
- د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي، دليل الناقد الادبي، ط٥، المركز الثقافي العربي، المغرب، ٢٠٠٧.
- د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ط٢، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٩.

**خلاصة البحث**

**بدايات القرن العشرين وظهور علم اللغة الجديد (المعاصر) وكذالك مجال الفلسفة والعلوم ادت الى تغيرات جذرية للنقد الادبي، وبهذا غربت عهد النظريات القديمة للنقد وبدأت عهد جديد للنظريات النقدية والتي احتازت مرحلتين: مرحلة النظريات النقدية الجديدة، ونظريات مابعد البنيوية. وكان لكل هذا تأثير مباشر على ظهور المناهج النقدية الجديدة. البعض منها اهتمت بالنص وبينما اهتمت مناهج مابع البنيوية بالقاريء، ومسألة تعدد المعنى للنص. ان هذة الدراسة عبارة عن الاشارة بظهور هذة المناهج النقدية الحديثة بسبب تأثير نظريات نقدية حديثة، يتكون هذة الدراسة من عدة اجزاء، الجزء الاول عبارة عن مفهوم المناهج النقدية، يتطرق الجزء الثاني الى ظهور هذه المناهج النقدية، يبحث الجزء الثالث النظريات النقدية الحديثة ودورها في ظهور المناهج النقدية الحديثة، يتناول الجزء الرابع المناهج التي تهتم بالنص، بينما الجزء الخامس النظريات التي تهتم بالقاريء، وفي الختام نجد النتائج بالاضافة الى قائمة باسماء المصادر.**


e-ISSN (2522-7130)　　p-ISSN (2410-1036)

## Abstract

The beginning of twentieth century, the appearance of modern linguistics, and the changes of the field philosophy and sciences resulted in radical changes of the literary criticism and thus the old criticism theories disappeared. Consequently another period of criticism theories started. That is, the new period passed two stages as follows: the new criticism theories and the post structuralism theories. All this factors directly affected the appearance of new critical methods some of which paid attention to the methods and the post structuralism methods paid attention to the reader as well as the multi meaning text. This paper is an effort to refer to the appearance of such critical methods as a result of the impact of the new critical theories. The paper is divided into several sections. Section talks about the concept of critical methods. Section two deals with the appearance of these methods. Section three revolves around the new critical methods and their roles in the appearance new critical methods. Section four points out the methods that pay attention to the text while section five indicates the theories that pay attention to the readers, finally, the results and list of the references are listed.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)